# نیشاندەرەکانی ئاستی ئەدای سیستەمی سیاسی لە سەنگاپورە (لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە)

**دلخواز إسماعیل عزیز[١]، صباح صبحی حیدر[٢]**

[١،٢] بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان،  زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەدای سیستمی سیاسی، یەکێکە لە پرسە گرنگەکانی سەردەمی ئێستا و ئەوەش زانراوە کە هەمو سیستمە سیاسییەکان لە یەک ئاستی ئەدای کاردا نین؛ هەندێک سیستمی سیاسی ئەرکەکانی خۆیان لە ئاستێکی بەرزدا جێبەجێ دەکەن و کۆمەڵێك نیشاندەر هەن  نیشاندەدەن کە سیستەمی سیاسی لە ئاستێکی بەرزی ئەدایدایە. سیستەمی سیاسی لە سەنگاپورە یەکێکە لەو سیستەمانە، توانیویەتی ئەرکە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی خۆی بە شێوەیەکی کارا و لە ئاستێکی بەرزدا ئەنجام بدات، لە ڕێگەی ئەو سیاسەت و ستراتیژیانەی  لەلایەن حکومەتی سەنگاپورەوە پەیڕەوی دەکرێت. بۆیە ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە پێوانەکردنی ئەدای سیستەمی سیاسیی سەنگاپورەیە لە ڕێگەی نیشاندەرە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان. توێژینەوەکە باسی دەروازەیەکی جوگرافی و مێژوییی سەنگاپورە دەکات ، هەروەها باسی سروشت و پێکهاتەی سیستەمی سیاسیی سەنگاپورە و قۆناغەکانی گەشەسەندنی کردووە، لەگەڵ دەستنیشانکردنی دیارترین نیشاندەرەکانی ئەدای سیستەمی سیاسی لە سەنگاپورە لەسەر ئاستی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریخست، یەکێک لە نیشاندەرەکانی ئەدای سیستەم لەسەر ئاستی سیاسی لە سەنگاپورە بریتی بو لە بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی، سەروەریی یاسا و چاکسازیی سیاسی، هەروەها ئەدای ئابوری لە سەنگاپورە، گرنگیدان بە کەرتەکانی وەبەرهێنان و بازرگانی و پیشەسازی و گەشەپێدانیان، کەرتەکانی وزە، دانانی سنورێک بۆ چۆنیەتیی پشتبەستن بە کەرتە  کلاسیکییەکان، هاندانی تاکەکان بۆ کرانەوە بەڕوی ئابوری و بازرگانیی ئازاددا و دانانی کۆمەڵێک ستراتیژی گرنگ بۆ بنبڕکردنی هەژاری و بێکاری، وەک سیاسەتی پشتبەستن بە کادر و پسپۆڕ و لێهاتویی و ڕاهێنان و دابینکردنی سەرچاوە مرۆییەکان و گرنگیدانێکی زۆر بە پەروەردە و خوێندن.

**وشە سەرەکییەکان:** ئەدای سیستەم، سیستەمی سیاسی، سەنگاپورە، هۆکارەکانی سەرکەوتن، نیشاندەرەکانی ئەدا.

## پێشەکی

لێکۆڵینەوە لە نیشاندەرەکانی ئاستی ئەدای سیستەمی سیاسی، بەیەکێك لە پرس و بابەتە گرنگەکان دادەنرێت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا، چونکە پێشکەوتنی سیستەمی سیاسی و پڕۆسەی سیاسی لە هەر وڵاتێك،  بە ئەدای سیستەمەکەوە بەندە؛ بەهۆیەوە بەرگری لە مانەوەی خۆی دەکات. هەرچەندە هەمو سیستەمە سیاسییەکان ئاستی ئەدایان وەکو یەك نییە جیاوازە، دەبینین لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بەتایبەتی وڵاتانی تازەپێگەیشتو ئاستی ئەدای سیستەمی سیاسییان نزمە و بەپێی پێویست نییە، بەڵام هەندێك سیستەمی تر هەیە ئەرکەکانیان بەشێوەیەکی کارا و لە  ئاستێکی بەرز ئەدادەکەن.

سەنگاپورە یەکێکە لە ئەزمونە پێشەنگەکان لەم بوارەدا،  سیستەمە سیاسییەکەی توانیویەتی  سەرجەم ئەرکەکانی لە ڕوی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی لەبەرزترین ئاستدا ئەدا بکات، سەرەڕای ئەوەی کە سەنگاپورە لە پێنج دەیە لەمەوبەر وڵاتێکی دواکەوتو بو؛ دانیشتوانەکەی بەدەست چەندین گرفتەوە دەیناڵاند، وەك هەژاری و بێکاری گەندەڵی، بەڵام دواتر سەنگاپورە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی کۆمەڵێك سیاسەت و ستراتیژیەتی تۆکمە، بووە یەکێک لە دیارترین چیرۆکەکانی سەرکەوتن لە جیهاندا، هەروەها پێشکەوتن و گەشەسەندنی ئابورییەکەی بۆتە نمونەیەکی نێودەوڵەتی بۆ وڵاتێک کە زەوی و سامانی سروشتیی نییە، هەمو ئەمانەش بونە هۆی ئەوەی سەنگاپورە لە ڕیزی وڵاتانی جیهانی سێیەمەوە بچێتە ڕیزی وڵاتانی جیهانی یەکەم.

## گرنگی توێژینەوە

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ١ (٢٠٢٤)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٥  ئەیلوول ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ١٠ تشرینی یەکەم ٢٠٢٣
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٢ حوزەیران ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: dlxwaz.azzez@su.edu.krd
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٤ دلخواز إسماعیل عزیز، صباح صبحی حیدر، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp322-340

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە سیستەمی سیاسیی سەنگاپورە لە ئاستێکی بەرزی ئەدا دایە، بەراورد بە وڵاتانی تر؛ بەهۆی بونی چەند نیشاندەرێك کە ئاستی ئەدای سیستەمی پێ پێوانە دەکرێت، بۆیە ئەم توێژینەوەیە جەخت لەسەر هۆکارەکانی پێشکەوتن و هەڵسانەوەی سەنگاپورە دەکات و ئەو سیاسەت و ستراتیژیەتانە ڕوندەکاتەوە کە حکومەتی سەنگاپورە پەیڕەوی دەکات، لەگەڵ دیاریکردنی ئەو نیشاندەرانەی ئاستی ئەدای سیستەمی سیاسیی سەنگاپورەی لە ڕوی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی پێ پێوانە دەکرێت.

**ئامانجی توێژینەوە**

ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە:-

1- خستنەڕوی سروشت و پێکهاتەی سیستەمی سیاسیی سەنگاپورە و قۆناغەکانی پێشکەوتنی.
2- دیاریکردنی ئەو هۆکارانەی بونەتە هۆی پێشکەوتن و هەڵسانەوەی سەنگاپورە.
3- تیشکخستنەسەر ئەو سیاسەت و ستراتیژیەتانەی سیستەمی سیاسیی سەنگاپورە پەیڕەوی دەکات.
**4-** دیاریکردنی گرنگترین نیشاندەرەکانی ئاستی ئەدای سیستەمی سیاسی لە سەنگاپورە، لە ڕوی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە.

## گرفتی توێژینەوە

سیستەمی سیاسیی سەنگاپورە یەکێکە لەو سیستەمانەی ئاستێکی بەرزی ئەدای هەیە، لە ڕێگەی بونی کۆمەڵێك نیشاندەرەوە، کە گوازرشت لە بەرزیی ئەداکە دەکات لەسەر ئاستی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی. بۆیە لێرەدا گرفتی سەرەکیی ئەم توێژینەوە لەم پرسیارە سەرەکییەدا بەرجەستەبووە: نیشاندەرەکانی ئاستی ئەدای سیستەمی سیاسی لە سەنگاپورە چین؟ لەگەڵ چەند پرسیارێکی لاوەکی، وەك ئەو هۆکارانە چین کە بونە هۆی سەرکەوتن و پێشکەوتنی سەنگاپورە؟ ئەو سیاسەت و ستراتیژیەتانە کامانەن کە حکومەتی سەنگاپورە پەیڕەوی کردون؟

**گریمانەی توێژینەوە**

گریمانەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە سیستەمی سیاسیی سەنگاپورە ئاستێکی بەرزی ئەدای هەیە و شوێنێکی گرنگی داگیرکردووە لە ڕوی ئەداوە، لەسەر ئاستی جیهان، بەهۆی بونی کۆمەڵێك نیشاندەر لەسەر ئاستی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی، ئەوە دەردەخەن کە سیستەمە سیاسییەکەی لە ئاستێکی بەرزی ئەدادایە، بە بەراورد بە سیستەمی وڵاتانی تر.

**میتۆدی توێژینەوە**

بۆ گەیشتن بە وەڵامی گریمانەی توێژینەوەکە پشتمان بە میتۆدی وەسفیی شیکاری بەستووە، بۆ مەبەستی دیاریکردن و وەسفکردنی سیستەمی سیاسیی سەنگاپورە و قۆناغەکانی پێشکەوتنی و شیکردنەوەی گرنگترین پێوەر و نیشاندەرەکانی ئاستی ئەدای سیستەمی سیاسی لە سەنگاپورە، لەسەر ئاستی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی.

**پەیکەری توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و چوارچێوەی تیۆری و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لە سێ باس پێکهاتووە: لە باسی یەکەم تیشك دەخەینە سەر دەروازەیەکی جوگرافی و مێژوی دروستبونی دەوڵەتی سەنگاپورە. لە باسی دووەمدا، باسی پێکهاتەی سیستەمی سیاسیی سەنگاپورە و قۆناغەکانی پێشکەوتنی دەکەین. لە باسی سێیەمدا جەخت لەسەر نیشاندەرەکانی ئاستی ئەدای سیستەمی سیاسیی سەنگاپورە دەکەین، لەسەر ئاستی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیدا.

**چوارچێوەی تیۆری**

چوارچێوەی تیۆری بۆ ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە تیۆری شیکردنەوەی سیستەم **system Analysis Approach** کە بە یەکێك لە دیراساتە هاوچەرخەکان دادەنرێت لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی سیاسیدا و لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی ڕابردودا دەرکەوت. لەڕاستیدا هاتنی چەمکی شیکردنەوەی سیستەم بۆ لیکۆلینەوەی دیاردە سیاسییەکان و ئەم دەرکەوتنە بەشێوەی ڕاستەوخۆ نەبو؛ بەڵکو هاتنی ئەم بابەتە لەڕێگەی کۆمەڵێك زانایانی کۆمەڵناسی هاتە ئاراوە، وەك (تالکوت بارسونز، جورج هومانز) و چەندانی تر، کە پەرەیان بە چەمکی سیستەمی کۆمەڵایەتی دا. لەڕێگەی ئەمەوە کۆمەڵێك زانای سیاسی، لەوانە (دیفید ئیستن، گابریل ئەلموند، لوسیان بای، دیفد ابتر، جیمس کولم)، میتۆدی سیستەمی دیراساتە سیاسییەکانیان پێشخست و بەکاریانهێنا(احمد، 2011: 4). ڕەگوڕیشەی تیۆری گشتیی سیستەم، بۆ زانای بواری بایۆلۆجی (فون بیرتالانفی) دەگەڕێتەوە، لە بیستەکانی سەدەی ڕابردو. نوسراوەکانی باسی لە تایبەتمەندیی سەرەکیی سیستەمی بایلۆجی و توانای بەکارهێنانی کردووە بۆ لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان (المنوفی، 93:1987)، بەڵام هەوڵ و کۆششی یەکەم بۆ پێشکەوتنی ڕێبازی شیکردنەوەی سیستەم بۆ ناو چوارچێوەی زانستە سیاسییەکان و بەتایبەت بۆ زانا و فەیلەسوفی سیاسیی ئەمریکی (دیفید ئیستن) دەگەڕێتەوە.

ئەم تیۆرە، جەخت لەسەر نمونەی (تێهاویشتەکان و دەرهاویشتەکان) دەکات، وەکو ئامرازێکی شیکاری بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەدای سیستەمی سیاسی. پێیوایە سیستەمی سیاسی، لەپێناو مانەوە و بەردەوامبونی خۆیدا، پێویستە دو ئەرکی سەرەکی ئەدا بکات بەمەبەستی دانانی کاریگەری لەسەر ژینگە، ئەوانیش بریتین لە دابەشکردنی دەسەڵاتی بەهاکان لەناو کۆمەڵگا، بەواتای پرۆسەی دروستکردنی بڕیارە پابەندکراوەکان، کە شتێك دەبەخشن و شتێك قەدەغەدەکەن( مجیب، 134:2021)، ئەرکی دووەمی سیستەمی سیاسی بریتییە لە کارکردن لەسەر ڕازیکردنی هاووڵاتیان و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان. دیفید ئیستن، چوارچێوەیەکی بۆ شیکردنەوەی سیستەمی سیاسی پێشکەشکرد، تێیدا بازنەیەکی تەواو هەیە کە مۆرکێکی دینامیکیانەی هەیە؛ بە تێهاوێشتەکان دەستپێدەکات و بە دەرهاوێشتەکان کۆتاییدێت،

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp322-340

لەگەڵ ئەنجامدانی پرۆسەی گەڕاندنەوە(فیدباك)، کە تێهاوێشتەکان بە دەرهاوێشتەکانەوە دەبەستیەوە. ئەو شیکردنەوەی ئیستن، ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە چۆن پارێزگاری لەسیستەمی سیاسی دەکرێت، چونکە سیستەم ڕووبەڕووی داواکاری و هەڕەشە دەبێتەوە و پێویستە وەڵامی بۆ ئەمانە هەبێت. کەواتە مانەوە و هێزی سیستەم پەیوەستە بە توانای دەرکردنی سیاسەت و بڕیارەکان و دابەشکردنی کەرەستەکانی کۆمەڵگە بەشێوەیەك کە فەرمانپێکراوەکان ڕازی بکات و پابەندیان بکات کە دان بەو سیستەمە دابنێن، بێ ئەوەی هیچ ئاژاوە و پێکدادانێک ڕووبدات.

چالاکییەکانی سیستەمی سیاسی بەپێی ئەم تیۆرە، بە کۆمەڵێك پێوەر دیاری دەکرێت، وەك (تێهاویشتەکان– Inputs، پرۆسەی گواستنەوە-Conversion Process ، دەرهاوێشتەکان-Outputs ، فیدباك-Feedback ). ئەمانە پێوەری گرنگن بۆ کارایی سیستەمی سیاسی، جەخت لەوە دەکاتەوە پێویستە سیستەم کراوە بێت و کارلێك لەگەڵ ژینگەی ناوەخۆ و دەرەوە بکات و توانای وەڵامدانەوەی ئەو داواکاریانەی هەبێت کە ئاراستەی دەکرێت لە ژینگەی ناوەخۆ و دەرەوە، بۆ ئەوەی ئاستی ئەدای خۆی بەرزبکاتەوە، چونکە بەپێی تیۆری سیستەم ئەگەر بێتو سیستەم توانای وەڵامدانەوەی داواکارییەکانی نەبێت، یان بە واتایەکی تر لە ئاست داواکاریەکانی خەڵك نەبێت، ئەوا ئەو سیستەمە دەکەوێتەوە مەترسییەوە و بەپێچەوانەشەوە ڕاستە (مخلوف ، 2020 :51).

## ١. دەوڵەتی سەنگاپورە (دەروازەیەکی جوگرافی و مێژوویی)

ئەزمونی سەنگاپورە، ئەزمونێکی پێشەنگ و بێهاوتایە، شایەنی ئەوەیە بۆ ماوەیەکی درێژ لەسەری بوەستین. تا بزانین ئایا دەکرێت ئەو ئەزمونە لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا جێبەجێ بکرێت؟ هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەو دەوڵەتە بچوکە لە پەراوێزی وڵاتانی جیهانی سێیەم بۆ ڕیزبەندی وڵاتانی جیهانی یەکەم چی بوو؟ بەو پێیەی کە ئەو ئەزمونە بەگرنگترین ئەزمونی کیشوەری ئاسیا هەژمار دەکرێت.

### ١. ١ پێگەی جوگرافیی سەنگاپورە

سەنگاپورە یان کۆماری سەنگاپورە،لە دو وشە پێکهاتووە: (سەنگا- singa )، بە واتای شێر دێت بەزمانی مەلایۆ، (پورا- pura ) بە واتای شار دێت، واتە (شاری شێر). ئەو ناونانە بۆ ئەفسانەیەك دەگەڕێتەوە دەڵێت: شازادەی دورگەی سۆمتەرە، بەهۆی ڕەشەبا و هەورە بروسکەوە، پەنای بۆ دورگەی سەنگاپورە بردووە. شازادەکە لەوێ بونەوەرێکی سەیری بینیوە وایزانیوە شێرە، هەربۆیە بە شاری شێر، ناونراوە (الوزیری، 2015: 13). یەکێکە لە دەوڵەتانی ئاسیا، دەکەوێتە بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی کیشوەری ئاسیا. بەشی باشوری لەگەڵ نیمچە دورگەی مەلایۆ هاوسنورە و جیاکراوەتەوە لە نیمچە دورگەی مالیزیا. خاوەنی هێڵێکی کەنارە، درێژییەکەی دەگاتە (613)کم، دورگەیەکی سەرەکیی داپۆشیوە بە قووڵیی ( 535) کم و ناوچەکانی تریش نزیکەی (60) دورگەی تری بچوکی داپۆشیوە و لەنێوان خاکەکانیدا کۆمەڵێك دەربەندی ئاوی و ڕووبار بەیەکیان دەبەستێتەوە. سەنگاپور، گەورەترین بەندەری دەریایی هەیە لە ناوچەی باشوری ڕۆژهەڵاتی کیشوەری ئاسیا، یەکێکە لە گرنگترین شوێنە بازرگانیەکان لە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ئەمەش بەهۆی ئەوەی دەکەوێتە سەر هێڵەکانی گەشتکردنی نێوان حەوزی دەریای ناوەڕاست و ئەوروپای ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی ئەقسا ئەمە لەلایەك، لە لایەکی ترەوە هاوسنورە لەگەڵ مالیزیا لە باکورەوە و ئەندەنوسیا لە باشورەوە و پایتەختەکەی شاری سەنگاپورەیە (الفهد ،190:2018) و(.Santhi &.Saravanakumar, 2020, p440). دەوڵەتی سەنگاپورە، ڕووبەرە ڕەسەنەکەی (580) کم چوارگۆشەیە، بەڵام ئێستا (710) کم چوارگۆشەیە. (مصطفی ،11:2008)· سەنگاپورە یەکێکە لەو وڵاتانەی کە زۆرترین چڕیی دانیشتوانی هەیە؛ لە پلەی سێیەمی جیهاندایە، ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە نزیکەی (6،112)کەس لەهەر کیلۆمەتر چوارگۆشەیەك.ژمارەی دانیشتوانی سەنگاپورە دەگاتە نزیکەی (5,180,000) ملیۆن کەس، ئەمەش وادەکات ببێتە یەکێك لەو دەوڵەتانەی زۆرترین ژمارەی دانیشتوان لەخۆدەگرێت (عبد شدهان 2021: 48). سەنگاپورە وڵاتێکی فرە ڕەگەز و ئایین و زمانە( Hock,2012,p55 ).

### ٢ . ١ پێکهاتەی دانیشتوانی سەنگاپورە

**یەکەم– لە ڕوی ڕەگەزەوە:** چەند ڕەگەزێك لەخۆدەگرێت: چینیەکان ڕێژەیان(76,8%) و مالیزییەکان (15%)، بەڵام هیندی و پاکستانییەکان (9%) و ئۆراسی و کەمەنەتەوەکان(1%).

**دووەم- لەڕوی ئاینەوە:** چوار ئاینی سەرەکی هەن: بوزیەکان(31%)، ئیسلامەکان (14%)، مەسیحیەکان (13,8%)، هیندۆسەکان(4,7%) و ئاینەکانی تر (35,6%).(الکساسبة،2017 :49).

**سێیەم- لە ڕوی زمانەوە:** چوار زمانی سەرەکی هەیە: (ماندریە)، زمانی زۆرینەی چینی و مەلایۆکانە، (تامیلی) زمانی هیندیەکانە، کە لە سەنگاپورە نیشتەجێن، جگە لە زمانی ئینگلیزی کە کراوەتە زمانی فەرمی لە دەزگا حکومی و فێرکارییەکانی سەنگاپورەدا کاری پێدەکرێت (عبد شدهان، مصدر السابق:48)·

سەنگاپورە، یەکێکە لە بچوکترین دەوڵەتانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. دەوڵەتی سەنگاپورە پێکدێت لە دورگەی سەنگاپورە، کە یەکێکە لە دورگە سەرەکیەکان، سەرەڕای هەبونی (60) دورگەی تر. سەرەتای دروستبونی سەنگاپورە بۆ سەدەی سێیەمی زایینی دەگەڕێتەوە (عبد،2021 :433) و (الخوند،2013 :167). سەنگاپورە زنجیرەیەک کۆلۆنیالیزمی بەسەردا هات لەسەر دەستی کۆمەڵێک شانشین و ئەم دۆخە تا سەرەتای سەردەمی مۆدێرن بەردەوام بو(.Hwee,2002,p202)، گرنگترینیان ئیمپراتۆریەتی پورتوگالی و هۆڵەندییەکان بون لەسەدەکانی شەشەم و حەوتەم. وداگیرکاری بەریتانی لەسەرەتای سەدەی 19 لەساڵی( 1918 ) و ژاپۆنی لەماوە جەنگی دووەمی جیهانی (1942-1945)، (Hwee,2002,p220).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp322-340

لەجەنگی دووەمی جیهانی (1939) سەنگاپورە خاڵێکی گرنگی هێزە ژاپۆنیەکان بو، کە هێرشیان کردە سەر دورگەکە لە 7ی کانونی یەکەمی(1941) داگیریان کرد، کاریان بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئیدارەی بەریتانییەکان کرد، بەم جۆرە سەنگاپورە کەوتە ژێر داگیرکاریی ژاپۆنییەکان لە (مانگی 2ی 1942) تا (مانگی 9ی 1945)، بەڵام لە ساڵی 1945 دوبارە سەنگاپورە کەوتە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیەکان، تا ساڵی 1959، توانیی سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت.

لەدوای ئەوە یەکێتییەك لەنێوان سەنگاپورە و مالیزیا دروستبو لە( 16ی ئەیلولی 1963)و بەپێی ئەو یەکێتییە ئەرکی بەرگری و ئاسایشی ناوخۆ و کاروباری ناوخۆ درا بە یەکێتیی مالیزیا، بەڵام ئەوە زۆری نەخایاند، لێکەوتەی نەرێنی هاتە ئاراوە، بووە هۆی دروستبونی کێشە لەنێوان حکومەتی مەرکەزیی مالیزیا وسەنگاپورە. جگەلەمە ترسی حکومەتی مالیزیا لەزۆربونی چینییەکان لە سەنگاپورە و کاریگەریی دیمۆگرافییەکەی و سەرەڕای ناکۆکیی سیاسی و جیاوازیی ئایدۆلۆژی لەنێوان هەردولا و کێشە ئابورییەکان، هەمو ئەوانە وای لە سەرۆکوەزیرانی مالیزیا (تنکو عبدالرحمن)کرد، سەنگاپورە لە یەکێتییەکە دەربکات و سەنگاپورە سەربەخۆیی خۆی لە( 9ی ئابی 1965)ڕاگەیاند و حکومەت بە سەرۆکایەتیی (لی کوان یو) پێکهات و پەرلەمانی سەنگاپورە (یوسف بن ئیسحاق )ی وەك سەرۆککۆمار دیاری کرد (ماهر ،2017 :164).

حوکمڕانیی لی کوان یو تا ساڵی 1990 بەردەوام بو و لەماوەی حوکمڕانیی ئەودا کۆمەڵێك سیاسەت و پلانی ستراتیژیی نوێ پەیڕەودەکرا بۆ بەرەوپێشچونی وڵات لە هەمو بوارەکاندا. لە دوای ئەو (جو تشوك تونج)، بووە دووەم سەرۆکوەزیرانی سەنگاپورە لەساڵی( 1990 )، و لە ساڵی (2004)، دەسەڵات بۆ (لی هسین لونج)، کوڕی گەورەی لی کوان یو گوازرایەوە، بەمەش بووە سێیەم سەرۆکوەزیرانی سەنگاپورە تا ئێستاش بەردەوامە (عبد وياسين ،2021: 437).

## ٢. پێکهاتەی سیستەمی سیاسیی سەنگاپورە و قۆناغەکانی پێشکەوتنی

سەنگاپورە، دەوڵەتێکی کۆمارییە و خاوەن سیستەمی حوکمڕانیی پەرلەمانییە، لە ساڵی(1965) دەستورێکی دانا، باس لە هەرسێ دەسەڵاتەکانی دەوڵەت دەکات، کە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریە. سەنگاپورە، پشتی بە بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و ئاڵوگۆڕکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات لەڕێگەی دەستور و جێبەجێکردنی یاسا بەسەر هەموان، بەستووە. سیستەمی سیاسی لە سەنگاپورە، لە دامەزراوە فەرمییەکان و دامەزراوە نافەرمییەکان پێکدێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:-

### ٢. ١ دامەزراوە فەرمییەکان لە سەنگاپورە:

**یەکەم - دەسەڵاتی جێبەجێکردن:** لەمادەی 13 ی دەستوردا هاتووە (دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە سەنگاپورە دەدرێتە سەرۆك و دەتوانێت مومارەسەی بکات لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ئەحکامەکانی دەستور لەلایەن خۆیەوە، یان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران، یان هەر وەزیرێکی تر لە ئەنجومەنی وەزیران (مادە (13)، دەستور، 1965). دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە سەرۆکی دەوڵەت پێکدێت، کە لەلایەن هاووڵاتیانەوە هەڵدەبژێردرێت لەڕێگەی سیستەمی دانگدانی گشتیی ڕاستەوخۆ و ماوەی سەرۆکایەتیی (6) ساڵە، بەپێی دواپین هەمووارکردنی دەستورەکە، لەکاتێکدا پێش ساڵی(1991)، سەرۆك لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێررا، بەڵام لەدوای هەمووارکردنەوەی دەستور سەرۆك لەلایەن گەلەوە، بەشێوەی ڕاستەوخۆ، هەڵدەبژێررێت و دەبێت هاووڵاتیی سەنگاپور بێت، تەمەنی لە 45 ساڵ کەمتر نەبێت. جگەلە هەبونی شەرفمەندیی پۆستی سەرۆکی دەوڵەت، چەندین دەسەڵاتی دیاریکراوی هەیە لەوانە ڕەزامەندیدان لەسەر خەرجیەکانی حکومەت و دامەزراندنی فەرمانبەرە گشتییەکان. مافی بەکارهێنانی فیتۆی بۆ پرسە داراییەکان هەیە، هەروەها ڕەزامەندیدان لەسەر دامەزراندنی سەرۆکوەزیران لەدوای دەنگدانی پەرلەمان( Pak Kwan,2000,p4)

مادده (21) بڕگەی (2) ی دەستوری سەنگاپورە باس لە ئەدای ئەرکەکانی سەرۆککۆمار دەکات، جگە لەوانەی کە لە دەستورەکەدا باسکراوە، پێویستە سەرۆك مومارەسەی ئەرکەکانی بکات بەپێی مادە(21)ی دەستور، وەك: دامەزراندنی سەرۆکوەزیران، ڕەزامەندیدان لەسەر داوای چارەسەرکردنی پەرلەمان. ڕەزامەندیدان لەسەر پرۆژەیاسا دیاریکراوەکان. ڕێگەگرتن لە هەر ڕەزامەندییەك لەسەر گەرەنتی یان قەرزی پێشکەشکراو یان حکومەتی دەرکردبێت. ڕێگەگرتن لە هەر ڕەزامەندییەك وەك دامەزراندن و بودجەی ئەنجومەنەکانی یاسادانان و کۆمپانیا حکومییەکان. ڕەزامەندی نەدان لەسەر مامەڵەکردنی پێشکەشکراوەکان لەلایەن حکومەت، کە پشت بە ئامادەکارییەکانی حکومی و پێشنیازە پێشکەشکراوەکان دەبەستێت، کە دەکرێ لە ئامادەکارییەکانی کەڵەکەبو لەلایەن ئەنجومەنی یاسادانان یان کۆمپانیا حکومییەکان، سودمەندبێت. ڕێگەگرتن لە هەر ڕەزامەندییەك کە پەیوەستە بە دەستبەسەرگرتن یان زیاتر لەدەستبەسەرگرتن بۆ هەر کەسێك بەپێی هەر یاسا و هەر مەرسومێکی دەرچو، کە بەپێی بەشی دوانزدەهەم(دەسەڵاتە تایبەتەکان لەدژی دەسەڵاتی باری لەناکاو یان تێکدان) لە دەستوردا ،دەرچوویێت. هەر ئەرکێکی تر کە سەرۆك ئەنجامی دەدات، بەپێی دەستور ڕێپێدراوە، وەك چۆنیەتیی هەڵسوکەوتکردن لە ئەداکانی ئەو وەزیفانە، کە هەندێ جار سەرۆ،ك لە هەندێ باردا، ڕاوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی سەرۆکایەتی و ئەوانی تردا دەکات، کە هەمو ئەو بارودۆخانە بۆ گەیشتن بەڕاوێژ ئاراستە دەکرێن(مادە21، دستور ،1965).

بەشی دووەمی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بریتییە لە حکومەت، کە لە سەرۆکوەزیران و وەزیرەکان پێکدێت. سەرۆککۆمار، زۆربەی جار سەرۆکی پارتێك یان هاوپەیمانییەکی زۆرینە دادەمەزرێنێ بۆ سەرۆکوەزیران. سەرۆککۆمار جێگری سەرۆکوەزیران دادەمەزرێنێ، بەڵام ئەو سەرۆکوەزیرە یان ئەنجومەنی وەزیرانی سەنگاپورە کە لەلایەن سەرۆکەوە دیاری کراون، بەرپرسیار دەبن لەبەردەم پەرلەمان و ئەرکی سەرشانی دیوانی حکومەت بریتییە لە بەرپرسیاریەتیی کاروبارەکانی حکومڕانی. ئەو دیوانە، لە گشت سیاسەتە حکومییەکان کە پەیوەستن بە کاروباری دەوڵەت، بەرپرسە و لەلایەن پەرلەمانەوە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت (الكساسبه، مصدر السابق:56).

هەربۆیە دەبینین، سەرۆكی حكومەت لە سەنگاپورە خاوەنی كۆمەڵێك دەسەڵاتی سیاسی، ئابوری، كۆمەڵایەتی، ئەمنی، سەربازی و داراییە لە بەڕێوەبردنی كاروبارەكانی حوكمڕانی و دەسەڵاتی ڕاسپاردنی وەزیرەكانی هەیە و دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی هەیە. سەرەڕای ئەوەش دەسەڵاتی دامەزراندنی دادوەرانی دادگای باڵای هەیە، بەرپرسیارن لەبەردەم پەرلەماندا(مادە 25، دستور،1965).

**دووەم- دەسەڵاتی یاسادانان**

دەسەڵاتی یاسادانان ئەركی دانانی یاسایە، بەپێی ماددەی 38ی دەستور، پەرلەمانی سەنگاپورە، لە ئەنجومەنێك پێكدێت، كە سێ یەكەی سەرەكی لەخۆدەگرێت و ئەندامانی هەڵبژێردراو ژمارەیان دەگاتە 83 ئەندام، كە هەر(5) ساڵ جارێك لەڕێگەی دەنگدانی هاووڵاتیان بەشێوەی ڕاستەوخۆ، هەڵدەبژێررێن (مادە 38،دستور، 1965). بەپێی دەستوری سەنگاپورە، پەرلەمان لەو ئەندامە هەڵبژێردراوانە پێكدێت كە لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە، بە یاسا دەرچووە". ئەندامانی غیرە دەستەی هەڵبژاردن ژمارەیان (3) ئەندامە، ئەندامانی كاندیكراو ژمارەیان لە سەروی (9) ئەندامە كە ئۆپۆزسیۆنن، سەركەوتو نەبون بەڵام توانیویانە زۆرترین ڕێژەی دەنگ لە چوارچێوەی هەر بازنەیەكدا بەدەستبهێنن. ئەركی سەرەكیی پەرلەمان، بەپێی دەستور، بریتییە لە یاسادانان و چاودێریكردنی كاروبارەكانی حكومەت؛ وردبینی لە خەرجییە گشتییەكان و پێداچونەوە بە بودجەی ئەنجومەنی یاسادانان. هەروەها پەرلەمانی سەنگاپورە لەدەرەوەی ئەركەكانی، كۆمەڵێك كاری تر ئەنجام دەدات، وەك سەرپەرشتیكردنی سیاسەتە حكومییەكان Pak Kwan, op, cit, p13). ) و كارگێری لەڕێگەی پرسیاركردن و پێشنیازەكان و دیاریكردنی لیژنە، تەنانەت ئەو ئەركانەش كە بە ڕونی لە دەستوردا دیاری نەكراون، تەنیا بۆ پەرلەمانن.

**سێیەم- دەسەڵاتی دادوەری**

دەسەڵاتی دادوەری لەسەنگاپورە، نوێنەرایەتیی دادگای باڵا و دادگا لقیەكان دەكات. هەروەها هەبونی دادگا خۆجێییەكان تایبەت بە پێداچونەوە بەرەچاوكردنی دۆسیەی شارستانی و تاوان. دادگای باڵا، مومارەسەی هەردو پسپۆڕیی تاوانكاری و شارستانی لە پێداچونەوە و سەرەكی دەكات. دادگای باڵا، لە سەرۆكی دادگا و (16)دادوەر پێكدێت و بەرزترین دەسەڵاتە لە سەنگاپورە. ئەو دادگایە دابەش دەبێت بۆ دادگای پێداچونەوە بە پلەی بەرز و دادگای پێداچونەوە بەپلەی نزم، كە لەلایەن سەرۆككۆمارەوە دادەمەزرێن و لەسەر بنەمای ئامۆژگاریی سەرۆكوەزیران، بەڵام دادگاكانی تر لەلایەن سەرۆككۆمار، بەڕاوێژ لەگەڵ سەرۆكی دادگای باڵای پێداچونەوە دیاری دەكرێن. بەپێی دەستوری سەنگاپورە، دادگای سەنگاپورە خاوەن سەروەرییەكی تەواوە؛ جیایە لە دەسەڵاتی جێبەجێكردن و دەسەڵاتی یاسادانان (عبد شدهان، مصدر السابق :174).

جگەلەوەش، دەسەڵاتی دادوەریی سەنگاپورە بەوە جیادەكرێتەوە، دەستپاكە و لە جێبەجێكردنی یاساكانیشدا توندە. سەنگاپورە بەوە ناسراوە لە بەڕێوەچونی دادپەروەریدا زۆر خێرایە؛ هەر دۆسیەیەك دەچێتە دادگاكان، كاتی زۆری ناوێت لەبەرئەوەی ڕێكارە یاساییەكان جێبەجێ دەكرێت لەبەرئەوەش زۆربەی دادگاكان كاتێكی گونجاویان دەوێت بۆ چاوخشاندن بە گشت دۆسیەكان و دانی ماف بەخاوەن مافەكان لەكاتێكی دیاریكراودا. هەربۆیە دەبینین كە حوكمڕانیی دەستوری لە سەنگاپورە هیچ بچڕاویەكی بە خۆیەوە نەدیوە، تەنانەت بۆ یەك جاریش بێت بەهۆی باری لەناكاو، واتا لە دەرەوەی چوارچێوەی دەستور یان حوكمڕانیی دەستوری. بۆیە لە دوای جیابونەوە و سەربەخۆیی سەنگاپورە لە مالیزیا، هەڵبژاردنەكان بەشێوەیەكی ڕێكوپێك ئەنجام دەدرێن و هیچ كات پرۆسەی هەڵبژاردن لە قۆناغەكانی خۆیدا نەوەستاوە (شعیب، 3: 2007).

**٢. ٢ دامەزراوە نافەرمییەكان لە سەنگاپورە**

**یەكەم - پارتە سیاسیەكان:**

سەنگاپورە وڵاتێكی فرە پارتە، ژمارەی پارتە سیاسییەكان دەگاتە نزیكەی (26) پارتی سیاسیی فەرمی و تۆماركراو كە ڕێگەپێدراون بۆ ئەوەی بەشداری لە هەڵبژاردنەكاندا بكەن، بەڵام پارتە ئۆپۆزسیۆنەكان لە سەنگاپورە هەر لە كاتی سەربەخۆبونی سەنگاپورە، لە ساڵی 1965 تاكو ئێستا، لاوازە، لەبەرئەوەی زۆربەی سەنگاپورەكان باوەڕیان وایە سەركردە ئۆپۆزسیۆنەكان ناتوان بەرپرسیاریەتی لەئەستۆبگرن و گرنگی بە هەندێك پرسی گرنگی وەك گەندەڵی نادەن، ئەمەش وادەكات باوەڕیان بە بڕیارەكانیان نەبێت و ئەمەش لە پرۆسەی سیاسی لە سەنگاپورە بەدیاركەوت. هەندێك لە پارتە ئۆپۆزسیۆنەكان لە سەنگاپورە، وەك پارتی هاودەنگیی نەتەوەیی (NSP) و پارتی هاوپەیمانی دیموكراسیی سەنگاپوری(SDA) هتد... هەر لەكاتی سەربەخۆیی تاكو ئێستا، لە بەدەسهێنانی متمانەی سەنگاپورییەكان شكستیان هێناوە، بەڵام پارتی كاری گەل PAP بەهێزترین و بە هەژمونترین پارتە لە سەنگاپورەدا؛ لە زۆربەی هەڵبژاردنە گشتییەكاندا سەركەوتنی بەدەستهێناوە. لەساڵی 1981، ئەو پارتە زۆرترین كورسیی پەرلەمانی بەدەستهێنا، لەكۆی 20 پارتی سیاسی لە سەنگاپورە(Oliver – Ostwald,2018,p2)، هەروەها لە هەڵبژاردنەكانی ساڵی 2015 ، 82 كورسیی بەدەستهێنا و یەكێك لە بەهێزترین پارتە كێبڕكێكارەكان پارتی كار بو، 9 كورسیی بەدەستهێنا، بەڵام لە هەڵبژاردنەكانی ساڵی 2020 پارتی فەرمانڕەوا- پارتی كاری گەل- بە سەرۆكایەتیی (لي هسین لونغ) سەركەوتنی بەدەستهێناو توانیی 82 كورسی مسۆگەربكات لەكۆی 92 كورسی لە پەرلەماندا(Sinek,2019,p138 ) سەرەڕای ئەوەش كۆمەڵێك كۆت و بەندی یاسایی هەن لە سەنگاپورە یاسای كۆمەڵە و پارتەكانی دیاری كردووە، لە هەردو مادەی(4-24)، جەخت لەسەر دامەزراندنی ئەو كۆمەڵە و پارتانە دەكات كە سیفەتی نایاسیاییان هەیە و دەبنە مەترسی بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیریی سەنگاپورە، گرنگترین ئەو كۆت وبەندانەش بریتین لە:

أ-پێویستە لەسەر گشت ئەندامانی پارتە سیاسییەكان ڕەگەزنامەی سەنگاپورەیان هەبێ.

ب-نابێت پارتە سیاسییەکانی سەنگاپورە پەیوەندییان بە ڕێکخراوێك یان پارتێکەوە هەبێت، کە لەدەرەوەی سەنگاپورە بێت.

ج- حکومەت، دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی ئەو پارتە سیاسییانەی هەیە کە ئەو یاسایانەی سەرەوە پێشێل بکەن، یاخود مەترسی لەسەر سیستەمی سیاسی دروست بکەن(جلال ،2010: 44). کەواتە سەنگاپورە لە کۆنەوە لەدەست یەك پارتی فەرمانڕەوادا بووە، کە توانیویەتی دەوڵەتی سەنگاپورە بەهێزبکات و بیکاتە نمونەی ئابورییەکی پێشکەوتو؛ لەڕوی بژێوی ژیان لە ئاستێکی بەرزدایە، سەرەڕای بەدیهێنانی گەشەسەندن لە بوارە جیاوازەکاندا. هەمو ئەوانە وای کردووە گەلی سەنگاپورە لە ئەدای حکومەت و پارتی فەرمانڕەوا ڕەزامەندبێت، ئەمەش لە ئەنجامدا بووەتە هۆی ڕازیبوونی تاکەکان و باوەڕهێنانیان بەسیستەمی سیاسی و پارتی فەرمانڕەوا و حکومەت(sinek,op.cit,p143).

## دووەم - ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکان بۆ گەشەسەندن و بەرزکردنەوەی پێگەی کۆمەڵگاکان لە سەردەمی ئێستاماندا و بریتییە لە دامەزراوە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان، کە لە زۆربەی بوارەکاندا بۆ بەدیهێنانی مەبەستە جۆراوجۆرەکان کاردەکەن، لەوانەش سیاسی وەك بەشداریکردن لە دروستکردنی بڕیاردا(الطیب،2004 :7).
لەدوای سەربەخۆبون و جیابونەوەی سەنگاپورە لە مالیزیا ساڵی( 1965)، کۆمەڵێك ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی دەرکەوتن، واتە لێرەدا کاری بەکۆمەڵ لە سەنگاپورە هەبو و پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەت بەرەوپێشەوەچو. لە هەشتاکاندا وا دەبڕوانییە حکومەت کار بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات و لەنەوەدەکاندا کەسە چالاکوانەکان بەدیارکەوتن و لەدەوڵەتدا بەشداربون، بەمەش وای لێهات کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەنگاپورە، ڕۆڵێکی گرنگ و کارایان لە بەرەوپێشچونی کۆمەڵگەی سەنگاپورەدا بینی و لە هەماهەنگیکردنیان بۆ گەشەکردن و بونیادنانی کۆمەڵگە، ڕۆڵی دیاریان هەبو. حکومەت بەتەنها توانای ئەوەی نەبو کە هەمو داواکارییەکی تاکەکانی کۆمەڵگە، لەژێر هەبونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەدی بهێنێت (Mathi,2008,p81)، بەڵکو حکومەتی سەنگاپورە خۆی داوای بەشداریکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی دەکرد بۆ ڕووبەڕووبونەوەی دۆسیەکانی تایبەت بە دارشتنی ناسنامە و ڕۆشنبیری و نیشتمانی، یان بەواتایەکی تر دروستکردنی حاڵەتێك لە کاری بەکۆمەڵ و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لەنێوان تاك و حکومەتدا هەیە (سید احمد ،بدون سنة طبع :251).
دیارترین ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەنگاپورە، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵەی ژینگەیین. هەروەها چالاکییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەنگاپورە، لەڕێگەی کۆمەڵە و سەندیکا و یەکێتییەکانە، کە ژمارەیان دەگاتە (7,100) کۆمەڵەی تۆمارکراو لەساڵی 2009 دا، بەراورد بە ساڵی 1988 ژمارەیان دەگەیشتە(3,900) و لەساڵی 1999 دەگەیشتە(3,500) و لەساڵی 2010 دا ژمارەیان گەیشتە(8،300)ڕێکخراو، بەڵام لەساڵی 2019دا ژمارەیان گەیشتە( 9،501) ڕێکخراو بەپێی ئامارە فەرمییەکان لە سەنگاپورە (عبد شدهان مصدر السابق:175).

## سێیەم- ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

پایەکی تری گرنگ لە کۆمەڵگەی دیموکراسی، بریتییە لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، کە ڕۆڵێکی سەرەکییان لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەدا هەیە. کۆمەڵێك ئامرازی ڕاگەیاندن لە سەنگاپورەدا بەدیارکەوتن، ڕاستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی حکومەتدابون، وەك ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، نەك تەنها ناوەخۆییەکان، بەڵکو ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی لەسەر ئاستی جیهان کۆنترۆڵ کردووە (lim,1986,p8).
هەروەك پێشتر وتمان، سەنگاپورە لە سالانی پەنجاکان و شەستەکاندا وڵاتیکی بچوك بو و بەدەست ململانێ مەزهەبییەکان و نەژادەوە دەیناڵاند، بەڵام دوای تەنها چەند دەیە توانیی بەسەر هەمو ململانێیە ناوخۆییەکان و فشارە دەرەکییەکان زاڵبێت. حکومەت پلانێکی دانا کە سەنگاپورە بکاتە ناوەندێکی میدیایی بەهێز، لەبەرئەوەی لەم ژینگەیەدا تیۆرێکی نوێ دروستبو دەربارەی ئامزەکانی ڕاگەیاندن، بەدیاریکراویش پێویستە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هاوبەشی حکومەت بن بۆ بەرەوپێشبردنی نەتەوە و چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانەکان، ئەو بنەمایەش لەلایەن ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی سەنگاپورە باوەڕپێکراوبون، تەنانەت باوەڕێکی قوولیان پێ هەبو، ئەمەش ئەنجامێکی ئەرێنی بەدیهێنا، بەراورد بە وڵاتانی تر (براودی، https://josephbraude.com/ 2021/9/21).

سەرەڕای ئەوەی کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە سەنگاپورە لەژێر چەندین کۆت و بەندی توند کاردەکەن، کە ئامانج لێی خزمەتکردنە بە بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات و گەل و هەماهەنگی دەکات لە بونیادنانی نەتەوە، هەربۆیە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەرەوپێش چون، بەتایبەتی لەم دە ساڵەی دواییدا، ئەمەش هانی حکومەتی دا کە گرنگی بەو کەرتە بدات وەك بزوێنەرێك بۆ بەرەوپێشبردنی ئابوری. ئێستا دەبینین سەنگاپورە بەرزترین ڕێژەی بڵاوبونەوەی ئەنتەرنێت و مۆبایلی لەسەرتاسەری جیهاندا هەیە، لەگەڵ زیادبونی وەبەرهێنانی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان، بۆیە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و تەکنەلۆژیای زانیارییەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانی سەنگاپورییەکاندا دەگێڕن. سەنگاپورییەکان ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و میدیاکان بەهەمو شێوەیەکەوە بەکاردەهێنن، کە تێیدا زانیارییە بنەڕەتییەکانی بۆ پەروەردە و کار و ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆیان بەدەستدەهێنن. سەنگاپورە نێوەندێکی گەورەی هەیە، گشت تەکنیکە زانیاری و پەیوەندییەکان لەخۆدەگرێت لەگشت لایەنەکانی ژیاندا(Lim –mat,2009, p189).
لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین کە سیستەمی سیاسی لە سەنگاپورە بە دامەزراوە فەرمی و نافەرمیەکان بە چەندین قۆناغی جیاجیا تێپەڕیووە و لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکاندا ئەدای جیاوازیان هەبوە.

## 3. نیشاندەرەکانی ئەدای سیستەمی سیاسی لە سەنگاپورە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp322-340

پێش ئەوەی باس لە ئەدای سیستەمی سیاسیی سەنگاپورە بکەین پێویستە جەخت بکەینە سەر گرنگترین ئەو هۆکارانەی ڕۆڵیان لە پێشکەوتنی سەنگاپورەدا هەبوە، لەگەڵ ئەو سیاسەت و ستراتیژیەتانەی حکومەتی سەنگاپورە پەیرەوی کردون. سەنگاپورە ئەو دەوڵەتەی لە ڕیزبەندی وڵاتانی تازەپێگەیشتووەوە بۆ ڕیزی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان گوازاریەوە، لە دوای جیابونەوەی لە وڵاتی مالیزیا لە ساڵی (1965)، سەرەڕای هەبونی چەندین کۆسپ و بەربەست لەبەردەمی، بەڵام توانیی بەلێهاتویی خۆی و ڕوانگە و تێڕوانینی کۆمەڵگەکەی و دەستپاکی لە ئیدارەدانی، خۆی بگەیەنێتە ئەو پێگەیەی ئێستا تیایەتی (العبودي، 2023 :6). دەتوانین بڵێین ئەم گواستنەوەیە، بۆ ڕیزبەندی وڵاتانی پێشکەوتو، ئەنجامی کۆمەڵێك سیاسەتی هاوسەنگ و گونجاو بو، کە لەلایەن سیستەمی سیاسیی سەنگاپورە بەدرێژایی چەندین ساڵ پەیرەوی کراوە، هەر بەهۆی ئەو سیاسەتانەوە سەنگاپورە خۆی لە گواستنەوەیەکی خێرادا بینیەوە؛ بە کەمتر لە(50) ساڵ توانیی لە دورگەیەکی هەژار و سنوردار لە کەرەستە سروشتییەکان بگۆڕێت بە دەوڵەتێکی پیشەسازیی پێشکەوتو، تا وایلێهات ببێتە دەوڵەمەندترین دەوڵەت لە جیهاندا، کە پلەی سێیەمی لەسەر ئاستی جیهان وەرگرتووە و پێگەیەکی گرنگ و پرشنگداری هەیە، لەسەر ئاستی بژێوی و تەکنەلۆژیا و ئاسایشی و سەقامگیری و ئابوری(الكساسبة، مصدر السابق:43-97).

بێگومان هەمو ئەو پێشکەوتنانە لە دەوڵەتی سەنگاپورە لەسەر دەستی سەرۆکوەزیرانی پێشو(لی کوان یو)، لەماوەی ساڵانی (1959-1990) بەدیهات، کە بەدیارترین سەرکردەی سەنگاپورە لەسەر ئاستی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی دادەنرێت، کە بۆ ماوەی(25)ساڵ لەم پۆستەدا مایەوە (العامري، مصدر السابق: 271).

لێرەدا سەرەتا جەخت لەسەر گرنگترین ئەو هۆکارانە دەکەین کە ڕۆڵیان لە سەرکەوتن و پێشکەوتنی سەنگاپورەدا هەبوە، لەگەڵ دیاریکردنی ئەو سیاسەتانەی دەوڵەتی سەنگاپورە گرتویەتیەبەر و لە خاڵی کۆتایی ئاماژە بە نیشاندەرە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەدای سیستەمی سیاسیی سەنگاپورە دەکەین.

### 3. 1 هۆکارەکانی سەرکەوتنی سەنگاپورە

کۆمەڵێك هۆکاری جۆراوجۆر ڕۆڵیان لە پێشکەوتن و سەرکەوتنی سەنگاپورە هەبوە، لەوانە هۆکارە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان، ئەو هۆکارانەش ئەنجامی کۆمەڵێك سیاسەت و ڕێکار و ستراتیژیەت بون، کە سیستەمی سیاسی و دەستەبژێری فەرمانڕەوا، لەپێناو هەستانەوە و سەرکەوتنی سەنگاپورەدا پەیرەویان کردووە، وەك:-

**یەکەم : هۆکارە سیاسی و جوگرافیەکان**

دوای جیابونەوەی سەنگاپورە لە مالیزیا لە ساڵی(1965)، سەرۆکوەزیرانی ئەوکات (لی کوان یو)، هەوڵی دا ژینگەیەکی سەقامگیر و ئاشتی لە سەنگاپورە بەدیبهێنێت، تا وایلێهات، بەپێی ڕاپۆرتی مونتەدای ئابوریی جیهانی، سەنگاپورە توانیی پلەی هەشتەم لەسەر ئاستی جیهان لە ڕوی ئاشتی و پاراستن تاکو ساڵی (2022) بەدەستبهێنێت. ئەمەش ئەنجامی جێبەجێکردنی سیستەمێکی یاسایی کاریگەربو، کە لەهەر شوێن و کاتێکدا جێبەجێ دەکرا، ئەمەش بووە هۆی بەدیهێنانی سەقامگیریی سیاسی لە سەنگاپورە، کە ڕۆڵی لە ڕاکێشانی وەبەرهێنەران بۆ سەنگاپورە و ڕەخساندنی ژینگەیەکی گونجاو و لەبار بۆ پرۆسەکانی وەبەرهێنان هەبو، چونکە وەبەرهێنی بیانی دڵخوازی ژینگەیەکی ئاشتی و سەقامگیرە بۆ بنیادنانی کارەکانی. هەمو ئەوانە ڕۆڵیان لە بەرەوپێشچونی سەنگاپورەدا هەبو (زیادنة 2023-5-13،www.mawd.com)، سەرەڕای گرنگیی پێگەی ستراتیجیی سەنگاپورە، کە ڕۆڵێکی گرنگی لە پێشکەوتنیدا هەبو، کە دەکەوێتە باشوری نیمچە دورگەی مالایو لە ناوچەی ماڵتا لەسەر گەروی مەلقا. ئەو گەروە گەروێکی ئاوییە و زەریای هیند بە دەریای باشوری چینەوە دەبەستێتەوە. سەنگاپورە نزیکەی 40%ی کۆی گشتیی جوڵەی بازرگانیی دەریایی لە جیهاندا کۆنترۆڵ دەکات. (Kennard, Winsted, www.britannica.com (22/2/2020

**دووەم : هۆکارە ئابورییەکان**

یەکێك لە هۆکارە ئابورییەکان پێشکەوتنی ئابوریی سەنگاپورەیە بەهۆی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە ئابورییەکانی وەك بێکاری و هەژاری و هاندانی وەبەرهێنان و دەرکەوتنی پرۆگرامی گشتگیر بۆ پرۆسەکانی پیشەسازی. هەمو ئەوانە هۆکار بون بۆ بەرەوپێشبردنی ئابوری، بەمەش ئابوریی سەنگاپورە، لەم کۆتاییانەدا، بووە ئابورییەکی کێبڕکێکار و خێرا لە گەشەسەندن، بەپێی ڕاپۆرتی پەیمانگای نێودەوڵەتی بۆ پێشکەوتن بۆ ساڵی 2019(Zhou, www.Thoughtco.com, retrieved 25/2/2020) )

یەکێکی تر لە هۆکارەکان لە بواری ئابوریدا، بریتییە لە بازرگانی. سەنگاپورە خاوەن کەرتی بازرگانیی بەهێز و زیندووە، ئەمەش وای لەو دەوڵەتە کردووە چەندین سیاسەت و ڕێکاری کاریگەر پەیڕەو بکات بۆ گەشەسەندنی ئەو کەرتە و بونیادی ژێرخانی سەرەکی و پێشکەوتو (Ramakrishna & Lam,) www.blogs .worldbank.org,30/5/2023)

واتە بازرگانی، وەك کەرتێکی گرنگ، ڕۆڵێکی کارای لە پێشکەوتنی سەنگاپورەدا هەبوە لە ماوەی بەرەوپشێبردنی بەندەرەکان کە بووەتە سەنتەرێکی بازرگانی بۆ هاوردەکردن و دوبارە دروستکردنی شمەکەکان. سەرەڕای ئەوەش حکومەت دیراسەیەکی خێرای بۆ بەندەرەکان ئەنجامدا و پرۆژە یاسایەکی بۆ ئەنجومەنی یاسادانان لە ساڵی 1965دا پێشکەشکرد. دواتر بەشێوەی پراکتیکی کاری لەسەر کرد؛ لە ڕێگەی دابینکردن و پاراستنی خزمەتگوزارییەکان و ڕێکخستنی چاودێری لەسەر بەندەرەکان بۆ ڕێنوێنیکردنی کەشتییە بازرگانییەکان، بەمەش بووە سەرچاوەیەکی ئابوریی گرنگ بۆ سەنگاپورە(Plate, - assia,2013,p135 )

**سێیەم: هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان**

یەکێك لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان، کە ڕۆڵیان لە پێشکەوتنی سەنگاپورهدا گێراوە، کەرتی خوێندنە، کە بە یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی هەستانەوە و سەرکەوتنی سەنگاپورە دادەنرێت. ئەو دەوڵەتە توانیی لە کەرتی خوێندندا ڕو لە پێشکەوتن بکات لەسەر بنەمای سیستەمی فێرکاری، کە ببێتە سیستەمێکی کاریگەر، ئەمەش لەڕێگەی ئاراستەکردنی منداڵان بۆ ئەو بوارەی لەگەڵ توانا و بەهرەکانیاندا گونجاوە، لەبەرئەوەی پاراستنی پێشکەوتنی دەوڵەت دەبێت لەڕێگەی دروستکردنی سیستەمێکی فێرکاری و

تەواوکاری بێت، لەرێگەی دابینکردنی کەرەستە مرۆییەکانەوە، کە دەوڵەت پێویستی پێیەتی، ئەمەش بە شێوەیەکی راستەقینە لە سەنگاپورە بەدیهات (ماهر ،مصدر السابق :169).

یەکێکی تر لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان بریتیە لە هەبونی بەهای ئەخلاقی، وەك نەرمی و واقعی و دەستپاکی هەروەها لەبەرچاوگرتنی ناسنامەی نیشتمانی و رۆشنبیری، سەرەرای فرەرەگەزی و رۆشنبیری لە وڵاتدا، بەمەش پرۆسەی بونیادنانی ناسنامەی نیشتمانی لە سەنگاپورە سەرکەوتو بو بەهۆی ئاراستەکانی دەستەبژێری فەرمانرەوا کە بەردەوام بو بۆ پاراستنی بونیادنانی ناسنامەی نیشتمانی لەلایەن هاووڵاتیانەوە، کە لەسەر بنەمای خۆشەویستی و دڵسۆزی و شانازیکردن بە نیشتمان و سەرکەوتنی یەکریزی و پابەندبون بەیەك گروپی رۆحی؛ کارکردنی بە هەرەوەزی، شانازیکردن بە خود لەرێگەی دڵسۆزی بۆ سەنگاپورە، هەمو ئەو هۆکارانە ئەنجامی کۆمەڵێك سیاسەت بون کە سیستەمی سیاسیی سەنگاپورە پەیرەوی کردووە، بۆ گواستنەوەی وڵاتەکەی بۆ ریزی وڵاتانی جیهانی یەکەم (نفس المصدر : 170).

### ٣.٢ سیاسەت و ستراتیژە پەیرەوکراوەکان لە سەنگاپورە

سەنگاپورە، دوای جیابونەوەی لە مالیزیا لە ساڵی(1965)، روبەرِوی کۆمەڵێك کێشە و ئالنگاری بۆوە، کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر گەلی سەنگاپورە هەبو، وەك کێشەی مەزهەبی و نەتەوەیی و ئایدۆلۆژی و پێکدادانی کۆمەڵایەتی، دابەزینی ئاستی ئابوری، بڵاوبونەوەی هەژاری و بێکاری، بڵاوبونەوەی دیاردەی گەندەڵی، نەبونی ئاسایش، ناسەقامگیریی سیاسی. هەمو ئەم کێشانە وای لە دەستەبژێرانی سیاسی کرد، لەپێناو نەهێشتن و چارەسەرکردنی ئەم کێشانە و لەپێناو پێشکەوتنی سەنگاپورە، کۆمەڵێك سیاسەت و ستراتیژیەت پەیرەو بکەن، لە گرنگترین ئەو سیاسەت و ستراتیژیەتانەش ئەمانەن:-

**یەکەم- بونی سەرکردایەتییەکی سیاسیی سەرکەوتو و هۆشیار:** سەنگاپورە پشتی بە سەرکردایەتییە خاوەن روانگە و دەستپاکەکان بەست، بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەو نەوانەی بیر لە ئامانجی بونیادنانی دەوڵەت دەکەنەوە .

**دووەم- لی کوان یو**، جەختی لەسەر سیاسەتی (سامان لە مێشکدایە، نەک لە بیرە نەوتەکاندا)کرد. واتە روانگەیەکی دیاریکراوی دانا بۆ داهاتوی وڵاتەکەی، کە تێیدا چەمکی دیاریکراو و زیرەکی دانا وەك واتایەك: (پارە... دەوڵەمەندی... سەرکەوتن)، باوەڕی بە هاووڵاتیانە وەکو سەرمایە، وای دەبینێت کە سەرمایە لەعەقڵدایە نەك لە پاڵاوگەکانی نەوت (الكساسبة،مصدر السابق :70- 101).

**سێیەم- بونیادنانی مرۆڤێکی بەرهەمدار:** یەکێکی تر لە سیاسەتەکان لە سەنگاپورە بریتییە لە بونیادنانی مرۆڤی بەرهەمهێنراو و بەرهەمدار بۆ دەوڵەت، بەجۆرێك کە سەرکردەکان و دەستەبژێرانی سەنگاپورە پەرۆش بون بۆ کارکردن لەسەر گەشەپێدانی مرۆڤ و پێشکەوتنی بەهرەمەندییان و هاندانیان بۆ سەرکەوتن لە کارەکانیاندا (خالد،2016: 25).

**چوارەم- پشتبەستن بە خود:** دەستەبژێرانی سیاسی لە سەنگاپورە، کاریان لەسەر سیاسەتی پشتبەستن بەخود کرد و توانییان کێشەکانیان دیاری بکەن، بەتایبەتی کێشەی بێکاری، کە بەشێوەیەکی بەرچاو لەماوەی داگیرکاری و لەدوای دەرچونی هێزەکانی بەریتانیا لەدەوڵەتدا بڵاوبۆوە، کە کاریگەریی ئەوتۆی هەبو لەسەر ئابوریی سەنگاپورە، ئەمەش بووە هۆی زیادبونی فشاری نەتەوەیی بۆ دروستکردنی هەلی کاری نوێ.

**پێنجەم- پێشکەوتنی ژێرخانی ئابوری:** یەکێکی تر لە سیاسەتەکانی سەنگاپورە ئەوەبو کە دەستەبژێرانی سیاسی لە سەنگاپورە تەرکیزیان کردە سەر گەشەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکان، سەرەرای گرنگیدانیان بە ژێرخانی ئابوری، چەند قوتابخانەیەکی هونەرییان کردەوە و پارەی بە کۆمپانیا بیانییەکان دا؛ بۆ راهێنانی ئەو کرێکارانەی کە ناچنە بوارەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری و ئەلیکترۆنییەکان، واتە ئەو کرێکارانەی توانایان نەبو بگەن بە وەزیفەی پیشەسازی، رەوانەی کەرتی خزمەتگوزارییەکانی کردن، وەك کەرتەکانی گەشتیاری و گواستنەوە (دنبري 2019: 74 ).

**شەشەم- هاووڵاتیبون:** یەکێکی تر لە گرنگترین سیاسەتەکان، گرنگیدانە بە هاووڵاتیبون، بەجۆرێک خۆشەویستیی هاووڵاتی بزوێنەری سەرەکیی موعجیزەی سەرکەوتنی سەنگاپورە بو. ئەم خۆشەویستییەش گۆرا بۆ ئیرادەی سیاسی و میتۆدۆلۆژیای کار و پلاندانان. سەرۆکوەزیران و گروپەکانی، کاریان لەسەر ستراتیژیەتی قۆناغ بەقۆناغ کرد، کە گونجاو بێت لەگەڵ هەلومەرجی وڵاتەکەی، هەروەها کاریان لەسەر بونیادنانی متمانە لەنێوان هاووڵاتیاندا کرد (شعيب ،2015 :139).

**حەوتەم- فێربون لە هەڵەکانی پێشوو:** یەکێکی تر لە سیاسەتەکان بریتی بو لە فێربون لە هەڵەکانی پێشویان؛ بەجۆریك دوای رۆیشتنی هێزەکانی بەریتانیا لە سەنگاپورە، قۆناغێکی نوێ دەستی پێکرد، یەکەم رەوت بەرەو گەشتیاری بوو، ئەمەش بووە هۆی سەرکەوتنی بەشەکی، بەڵام بۆ نەهێشتنی بێکاری بەس نەبو. هەنگاوی دووەم بریتی بو لە دروستکردنی کارگەی بچوک، بەتایبەتی کارگەی کۆکردنەوەی بەرهەمی بیانی، بەو هیوایەی دەست بە بەرهەمهێنانی هەندێک پارچە بکەن لە ناوخۆدا، هەروەها راکێشانی وەبەرهێنی بیانی و شارەزای دەرەکی بۆ دوبارە بوژاندنەوەی سەنگاپورە.

**هەشتەم- ستراتیژیەتی وەبەرهێنان لە سەنگاپورە:** یەکێکی تر لە سیاسەتەکان بریتییە لە ئاسانکاری لە وەبەرهێنان لەرێگەی بانگهێشتکردنی کۆمپانیا پیشەسازییەکان لەجیهاندا، بۆ وەبەرهێنان لەسەنگاپورە بەبێ هەبونی بەربەست یان باج لەسەریان، و ناردنی تیمێکی بازرگانی بۆ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان بۆ ئەوەی قەناعەتیان پێبکات. بەم شێوەیە کۆمپانیا نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان دەستیان بە کێبرکێ کرد و ئەنجامەکەی باشترین بەرهەم و تەکنەلۆژیای جیهانی بو. وەبەرهێنان لە مێشکدا نهێنیی پەرجو (موعجیزە)ی سەرکەوتنی سەنگاپورە بو. سەنگاپورە تاکە دەوڵەتە کە زیرەکترین سەرپەرشتیاران و تەکنیکییەکانی جیهانی بەدەستهێناوە، لەبەرئەوەی روانگەیەکی تایبەتی بۆ چەمکەکانی دەوڵەمەند و هەژار هەیە. بەمشێوەیەش بووەتە دەوڵەمەندترین دەوڵەت لە جیهاندا (الكساسبة، مصدر السابق: 70-71.)

**نۆیەم- جەختکردن لەسەر کەرتە پیشەسازییەکان:** سەنگاپورە بەشێوەیەکی سەرەکی جلوبەرگ و ئەلیکترۆنیە سەرەکییەکان بەرهەم دەهێنێت. لە ساڵی (1990)هوە پارچە ئەلیکترۆنیەکانی دروستکرد و خزمەتگوزارییە لۆجستییەکانی پێشکەشکرد، هەروەها لێکۆڵینەوەی لە بواری تەکنەلۆژیای زیندو و دیزاینی دامەزراوەکان ئەنجامدا، تا وای لێهات لە ساڵی (2001)هوە کۆمپانیا بیانییەکان 75% پیشەسازی بەرهەم دەهێنێت و85% هەناردەی پیشەسازی دەکەن لەسەنگاپورە(ابراهیم ، 15/كانون الثاني /2016<www.saspost.com)

**دەیەم- جێبەجێکردنی یاسا بە توندترین شێوە:** یەکێکی تر لە سیاسەتەکان بریتی بو لە جێبەجێکردنی یاسا بەتوندترین شێوە لەسەر هەمو هاوولاتیان بەبێ جیاوازی. دەوڵەتی سەنگاپورە باوەڕی بەسەروەریی یاسا هەیە و دەرچون لە یاسا و شکاندنی یاسا، واتای گەندەڵی و دواکەوتویی و نەتوانینی پێشکەوتنە (داود، www.ida2at.com،2017 ).

**یازدەهەم- ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی:** یەکێکی تر لە سیاسەتەکانی سەنگاپورە بریتی بو لە ڕوبەڕوبونەوە و بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی. سەنگاپورە دوای جیابونەوەی لە مالیزیا، بەدەست گەندەڵیەوە دەینالاند، بەڵام حکومەتی سەنگاپورە لە ڕێگەی یاساوە ڕوبەڕوی گەندەڵی بۆوە و لەناوی برد، چونکە پێیانوابو پڕۆژە ئابورییەکان سەرکەوتو نابن تا گەندەڵی بەتەواوی لەناونەبرێت. بەو پێیە توانیی لە ماوەی دو دەیەدا لە پۆلێنکردنی لە شەستەکاندا، لە خراپترین وڵاتانی گەندەڵ، بگوازێتەوە بۆ پلەی چوارەم لەکەمترین وڵاتانی گەندەڵ، بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی و هەمو ئەمانەش لە سایەی کاراکردنی یاسای بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی و یاسای جاڕنامەی سامان و موڵک بووە؛ بەو پێیەی هەمو بەرپرسێکی حکومی پێویستە هەمو ساڵێک بەیاننامەیەک سەبارەت بە قەبارەی ماڵ و موڵك و وەبەرهێنانەکانی لە بانک و دامەزراوەکاندا پێشکەش بکات. سەرەڕای هەمو ئەم سیاسەت و ستراتیژانە، پرسگەلێکی تر هەن کە دەستەبژێری سیاسیی دەسەڵاتدار لە سەنگاپورە سەرنجیان لەسەر بو، بریتی بو لە پەرەپێدان و پتەوکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەتی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکا و چین و تایوان دامەزراند، تاکو سودمەندبن لە ئەزمونی ئەو وڵاتانە لە ڕێگەی ئابورییەکانیانەوە. لی کوان یو زۆر جەختی لەسەر ئەوە دەکرد دەبێت حکومەتەکەی لە ئەزمونەکانی جیهان فێربێت، ڕوانگەی هەبێت پێش ئەوەی وێنای سیاسەتەکانی بکات (الصائغ ،2017: 46). لەکۆتاییدا دەتوانیین بڵێین گشت ئەو هۆکار و سیاسەتانە بونە هۆی هەستانەوە و نهێنیی سەرکەوتن و پێشکەوتنی سەنگاپورە و گواستنەوەی لە ڕیزی وڵاتانی جیهانی سێیەمەوە بۆ ڕیزی وڵاتانی جیهانی یەکەم.

### ٣.٣ ئەدای سیستەمی سیاسی لە سەنگاپورە

بێگومان وەك دەزانرێت سیستەمی سیاسی کۆمەڵێك ئەرکی دیاریکراوی هەیە، لەسەر هەردو ئاستی ناوەخۆ و دەرەوە پەیڕەویاندەکات. زۆرێك لە توێژەران تێروانینی جیاوازیان هەیە لە ناونانی وەزیفەکانی سیستەمی سیاسی، کە هەندێکیان بەناوی ئەدای سیاسی یان تواناکانی سیستەم دیاریی دەکەن، سەرەڕای ئەم جیاوازیانە بەڵام لە ئەمری واقیعدا هەمویان دەلالەت لەو سیاسەت و کارانە دەکات کە سیستەمی سیاسی ئەنجامیاندەدات لە پێناو مانەوەی خۆیدا. وەزیفەکانی ئەدای سیستەمی سیاسی لەڕوی شێوەوە جیاواز نییە، بەڵام لەڕوی ناوەرۆکەوە، بەپێی بەها سیاسییەکانی ناو کومەڵگا و بونی کەرەستەکان و پلەی هۆشیاریی کۆمەڵگە و دەستەبژێری سیاسیی فەرمانڕەوا، جیاوازن. پێشتریش وتمان نیشاندەرەکانی ئەدا ئەوانەن لە سیستەمی سیاسیدا پێشکەش کراون، لەسەر پێداویستییە سەرەکییەکانی هاوولاتیان وەك (فێربون، تەندروستی، خزمەتگوزاری، هەروەها تواناکانی لەسەر ئەدا و وەزیفەکانی ئاسایش و پاراستنی دەوڵەت و دەستێوەردانە دەرەکییەکان، سەرەڕای تواناکانی ئابوری و پرۆسەی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کەرەستەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لە کۆمەڵگەدا)، هەربۆیە لەم خاڵەدا ئەدای سیستەمی سیاسیی سەنگاپورە لە سەر ئاستی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی، بەمشێوەیەی خوارەوە گەنگەشە دەکەین:

**یەکەم:نیشاندەرەکانی ئەدای سیستەم لەسەر ئاستی سیاسی لە سەنگاپورە**

1-**کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی**: سەنگاپورە وەک یەکێک لە وڵاتانی ئاسیا، لە کەمکردنەوەی دیاردەی گەندەڵیی بەربڵاو لە سەرجەم دامەزراوەکانی دەوڵەتدا، دوای سەربەخۆیی لە مالیزیا سەرکەوتو بووە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو ئەدایە باشە بو لە زۆرێک لە نیشاندەرەکانی شەفافیەتی نێودەوڵەتیدا ڕەنگدانەوەی هەبو. دوای سەربەخۆیی، حکومەتی سەنگاپورە نوسینگەیەکی لێکۆڵینەوەی بۆ بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی پێکهێنا، کە دەزگایەکی سەربەخۆ بو و بەدواداچون بۆ گەندەڵی دەکات لە کەرتی گشتی و تایبەتدا. هەروەها سیاسەتی دژەگەندەڵی لە دەزگا کارگێڕیەکاندا پەیڕەو دەکات و ڕاپۆرت بۆ ئەو دەزگایانە دەنێرێت کە پەیوەندییان بەو کەسانەوە هەیە کە تۆمەتبارن بە گەندەڵی (شارف، 2016: 156). دوای ئەوەی سەنگاپورە بە یەکێک لە گەندەڵترین وڵات هەژمارکرا، بەڵام لە ماوەی سی ساڵدا توانی بچێتە ڕیزی کەمترین وڵاتی گەندەڵ لە ئاسیا و لە نێو کەمترین وڵاتانی گەندەڵ لە جیهاندا، ئەمەش بەپێی پێوەرەکانی گەندەڵی کە ساڵانە لەلایەن ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتییەوە دەردەچێت، لەگەڵ ڕاپۆرتی بانکی نێودەوڵەتی لەسەر پێوەرەکانی کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی لە وڵاتان. بۆیە دەبینین کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی لە سەنگاپورە بەپێی پێوەرەکانی بانکی نێودەوڵەتی بۆ ساڵی(٢٠١٠) ٩٣% بووە، و لە ساڵی (2011) گەیشتووەتە ٩٠%، و لە ساڵی( ٢٠١٢ )دا ٨٥% بووە، و لە ساڵی( ٢٠١٣ ) دا ٨٥% بووە، بەڵام لە ساڵی( ٢٠١٤ ) دا ٨٤% بووە ، و لە ساڵەکانی (2015-2016-2017-2018-2019-2020-2021) 85% بووە.ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر بەرزە بە بەراورد بە وڵاتانی تر. هەروەها سەنگاپورە لە ڕیزبەندی ئەو وڵاتانەدا بوو کە لەڕوی دەستپاکی و شەفافیەت و چاودێرییەوە لە ئاستێکی بەرزدایە، هەروەها لە دە وڵاتی سەرەکیی جیهان لەڕوی بەرەنگاربونەوەی گەندەڵییەوە ڕیزبەندکرا، لە ساڵی ٢٠١٨ پلەی سێیەمی بەدەستهێنا لە دوای فینلاند و سوید. هۆکاری ئەمانەش بۆ بونی ئیرادەیەکی سیاسیی بەهێز دەگەڕێتەوە بۆ بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی لە سەنگاپورە، هەروەها دانانی میکانیزمەکان بۆ کەمکردنەوەی و بونی چاودێرییەکی کاریگەر و جێبەجێکردنی یاسا بەسەرهەموان

و ڕێگەنەدان بە هیچ لادانێک لە یاسا، جگە لە دامەزراندنی نوسینگەیەکی تایبەتمەند بۆ بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی لەم وڵاتە. هەمو ئەم شتانە بونە هۆی دابینکردنی ئاستێکی بەرزی بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی لە سەنگاپورە(قراوي ، 2020 :126).

**2-سەروەریی یاسا:** سەروەریی یاسا، یەکێکە لە نیشاندەرەکانی ئەدای سیستم لەسەر ئاستی سیاسیدا. سەروەریی یاسا لە کۆماری سەنگاپورە زۆر کاریگەرە و ئەوپەڕی گرنگیی هەیە، تەنانەت دەستوری سەنگاپورە لە ساڵی 1959 دەرچو کە لە ساڵی 1965 هەموار کراوەتەوە، لە مادەی (12) ئاماژە بەوە دەکات (هەمو کەسەکان لەبەردەم یاسادا یەکسانن و مافی پاراستنی یەکسانیان هەیە لە یاسادا) (مادة، 12 ، دستور،1965). لە واقیعی سەنگاپورەدا دەبینین کە هەمو بەرپرسان و فەرمانڕەواکان و هاووڵاتیان ملکەچی یاسان و هیچ شتێک لەیاسا باڵاتر نییە و یاساکە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، بەبێ جیاوازی، بەرامبەر هەمو تاکەکانی کۆمەڵگەی سەنگاپورە جێبەجێ دەکرێت، بەبێ جیاوازی لە گشت بوارە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکاندا.(صعب ، 2018/8/11).

بۆیە بەپێی ڕاپۆرتی بانکی نێودەوڵەتی دەردەکەوێت کە پێوەرەکانی سەروەریی یاسا لە سەنگاپورە لە ڕێژەیەکی زۆر بەرزدایە، بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکە، بۆ نمونە لە ساڵی(٢٠١٠) ٨٧% بووە و لە ساڵی(٢٠١٢ و ٢٠١٣ و ٢٠١٤) گەیشتووەتە ٩٠%، بەڵام لە ساڵی (2017) 96% بووە و لەساڵانی (2020 – 2021) 98% بووە، بەپێی ئەم ئامارانە، بۆمان دەردەکەوێت سەنگاپورە پێگەیەکی بەرز و بەناوبانگی لە سەروەریی یاسادا هەیە، بە بەراورد بە وڵاتانی دیکە و هۆکارەکەی بۆ بونی چاودێری و لێپرسینەوەی کاریگەر لە بەرپرسان و بونی ئاسایش و سەقامگیری و نەبونی توندوتیژی و تیرۆر دەگەڕێتەوە. هەمو ئەمانە بونە هۆی دابینکردنی ئاستێکی بەرزی یاسا لە سەنگاپورە(البنك الدولي ، https://www.world 21/12/2021. bank.org).

**3-فرەیی سیاسی:** یەکێکە لە نیشاندەرەکانی ئەدای سیستەمی سیاسی. فرەیی، هەمەجۆریی کلتوری لە ناوخۆی کۆمەڵگە بەرزدەکاتەوە، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە چەندین نەتەوە و ڕەگەزی جیاواز لەخۆدەگرێت. سەنگاپورە بە فرە سیاسی و فرە کلتوری ناسراوە، واتا مومارەسەی فرەیی دەکات لە زۆربەی لایەنەکان. سەنگاپورە سیستەمی فرە پارتە؛ دوای جیابونەوەی لەمالیزیا لە ساڵی(1965)، کۆمەڵێك پارتی سیاسی هاتنە ناو گۆڕەپانی سیاسیی سەنگاپورە، کە ئێستا ژمارەیان دەگاتە 26 حزبی سیاسی، بەڵام ئەو پارتانە هەمان قەبارەی جەماوەرییان نییە، بەڵکو لەپارتێکەوە بۆ پارتێکی تر دەگۆڕێت و پارتی کاری گەل گەورەترین پارتە، لەڕوی جەماوەرییەوە توانی بۆ ماوەیەکی زۆر لە حوکمڕانی بمێنێتەوە هەر لە سەرەتای سەربەخۆییەوە تاوەکو ئێستا. هەرچەندە تاکڕەوی لە دەسەڵاتداریەتی هەبو لەژێر سێبەری لی کوان یو ، بەڵام گەلێکی یەکگرتو بون سەرەڕای ئەوەی کە خاوەن سێ نەتەوەی جیاواز بون وەك (چینی، مالاوی و هیندییەکان)، کە خۆشترین ژیانیان بۆ دابینکرابو و هیچ ململانێیەك لەنێوانیاندا نەبو، سەرەڕای ئەوەش ئامانجی لی کوان یو تەنیا ئەوە نەبو کە سەنگاپورە پێشبخات، بەڵکو ئامانجی گواستنەوەی پلەبەپلەی حوکمڕانیی تاك لایەنە بو بۆ حکومڕانیی دیموکراسی. هەرچەندە ئەمڕۆ پارتی کاری گەل هەژمونی خۆی سەپاندووە لەسەر ژیانی سیاسی لە سەنگاپورە، بەڵام ڕێگریشی لە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان نەکردووە و ئازادانە کاری خۆیان دەکەن و دەتوانن نوێنەریان لە پەرلەمان هەبێت (العكري، http://www.alroya.om/p 21/12/2021 ).

بۆیە دەبینین پابەندبون بە فرەیی سیاسی لە واقعی سەنگاپورە بەقووڵی ڕەنگیداوەتەوە، تەنانەت، ئێستا، دەستور و سیستەمی سیاسی ڕێگرنییە لەبەردەم ئەو کەسانەی پۆستی سیاسی وەردەگرن، سەر بە چ ڕەگەز یا ئایینێکن؛ وەك دەبینین سەرۆکی ئێستای سەنگاپورە موسوڵمانە، سەرەڕای کەمیی ژمارەی موسوڵمانان لە سەنگاپورە، چونکە لە دەستوری سەنگاپورەدا هاتووە: جیاوازی لەنێوان هاووڵاتیانی سەنگاپورە، لەسەر بنەمای ڕەگەز و ئایین و پێگەی کۆمەڵایەتی، ناکرێت و حکومەتی سەنگاپورە لەڕێگەی کۆمەڵێك پلان و سیاسەت بۆ تێکەڵکردنی پێکهاتە جیاوازەکانی دەوڵەت کاردەکات (غروي، 2021/5/28 ، www.independentarabia.com ).

هەروەها لە سەنگاپورە جیاوازیی تەواو کراوە لەنێوان وەزیفە گشتییەکان و وئینتیمای حزبی، بەجۆرێك وەزیفەی گشتی لە سەنگاپورە لەسەر بنەمای توانا ولێهاتویی و دەستپاکی و ئەدایە، هەربۆیە دەتوانین بڵێین: حکومڕانی لە سەنگاپورە، حکومڕانییەکی پاك و بێگەردە، دوورە لە گەندەڵی. (Coh 2017.p44, ).

**4-چاکسازیی سیاسی:** دەستەبژێری سیاسیی فەرمانڕەوا لە سەنگاپورە، لەپێناو ڕووبەڕووبونەوەی کێشە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان کە لە سەنگاپورەدا هەبون لەدوای جیابونەوەی لە مالیزیا ساڵی(1965)، وەك بێکاری و هەژاری و تێکچونی هەلومەرجی ئابوری، سەرەڕای کەمیی کەرەستە سروشتییەکان، کۆمەڵێك سیاسەت و ستراتیژیەتی توندی پەیڕەو کرد. هەمو ئەو کێشانە پێویستیان بە چاکسازی و هەوڵی سیاسیی ڕاستەقینە هەبو، لەلایەن سەرکردایەتیی سەنگاپورەوە (الكساسبة، 2022 :310)، هەربۆیە دەستەبژێرانی سیاسیی سەنگاپورە چاکسازیی سیاسییان ئەنجامدا، کە لە خوارەوە ئاماژە بەدیارترینیان دەکەین:

أ-یەکەم چاکسازیی سیاسی ئەوەبو کە سەرۆکوەزیرانی پێشو(لی کوان یو)، چەندین کەسایەتیی شارەزا و بەتوانا و لێهاتو و دەستپاك و خاوەنڕوانگەی هەڵبژارد، تا لە حکومەتدا کاربکەن، هەروەها دابینکردنی گروپێکی سەرکەوتو، بەپلەی یەکەم، بۆ دروستکردنی بڕیارەکان و جێبەجێکردنیان، کە پێکهاتبون لە (کارمەندانی شارستانی، کە خوێندنیان لە باشترین زانکۆکانی جیهان تەواوکردبو).

ب- بەرەوپێشبردنی سیاسەتی حەکیمانە، لی کوان یو هەوڵی گرنگی داوە بۆ ئەوەی وڵاتەکەی نمونەی چاودێریکرنی تایبەت وەربگرێت بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتی دروست و جێبەجێکردنی بەباشترین شێوە و لەیەك کاتدا ئەنجام بدرێت.

ج-حکومەتی سەنگاپورە ئەزمونێکی باڵا و فراوانی جیهانیی بەخۆیەوە بینی، لەوکاتەدا لی کوان یو حکومەتی سەنگاپورەی ئاراستەی ئەزمونەکانی جیهانی کرد، بۆ ئەوەی سود وەربگرێت لە پێش وێناکردنی پرۆژەکانی سیاسەتی حکومەتەکەی، بەشێوەیەك کە

سیاسەتی سەنگاپورە زیاتر ڕەنگدانەوەی ئەو سیاسەت و ئەزمونانە بێت کە کاریگەرییان لەسەر جیهان هەیە(الكساسبة ،مصدر السابق : 101).

د-دەرکردنی چەند یاسایەك کە گەرەنتیی پاکیی پرۆسەی هەڵبژاردن دەکات لە سەنگاپورە، بە دابینکردنی کەشێکی پێشبڕکێ لەنێوان هێزە سیاسییەکان بۆ ڕێگەگرتن لە دەسەڵاتی تاکڕەوانە، بەو واتایەی کە هەڵبژاردن بەشێوازی خولی و ڕێکخراو بەڕێوەبچێت، لەگەڵ پرۆسەی ئیدارەدان و سەرپەرشتیکردن و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بە بێلایەنی و دادپەروەری و شەفافی.

هـ-یەکێکی تر لە چاکسازیە سیاسییەکان یەکلاییکردنەوەی ململانێ سیاسییەکانە بەشێوەی ئاشتیانە، جەختکردنە لەسەر هەڵبژاردن وەك ئامرازی دەستاودەستکردنی دەسەڵات و گۆڕینی سەنتەری هێز.

و-لێپرسینەوە لە فەرمانڕەواکان لە کاتی هەڵبژاردن، لەرێگەی پێشکەشکردنی بەرنامە و پرۆگرامیان. ئەو مەبەستەش بە گرنگترین مەبەستەکانی هەڵبژاردن دادەنرێت و یەکێکە لە ئالیەتە سەرەکییەکان کە لەو ڕێگەیەوە دەتوانرێت دڵنیا بێت لەوەی کە حکومەت توانای هەیە داواکارییەکانی دەنگدەران بەشێوەی ڕێکخراوەیی بەدیبهێنێت و ڕەچاوی بەرژەوەندییە جیاوازەکانیان بکات (ماضي،2007: :9).

ی-سەرەڕای هەموارکردنی هەیکەلی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە دەبێت هەماهەنگ بێت لەگەڵ گۆڕانکارییە ئابورییەکان، تاوەکو سیستەم دوچاری ناسەقامگیریی سیاسی نەبێت، و نەبێتە ڕێگر لەبەردەم پرۆسەی چاکسازی. لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین هەمو ئەو چاکسازیانە لە سەنگاپورە ڕویدا کە بەهۆیەوە چووە ریزی وڵاتانی جیهانی یەکەم(الكساسبة،مصدر السابق :93) .

5- **هەڵبژاردن** : هەڵبژاردن دادەنرێت بە گرنگترین پێوەرەکانی ئەدای سیستەم، و یەکێکە لەپێوەرە سەرەکییەکانی دیموکراسی و ئامرازێکی گرنگە بۆ بەشداریکردنی سیاسی، کە سیاسییەکان و پارت و کوتلەکانی هەڵبژاردن کاندید بۆ پۆستە سیاسییەکان دیاریدەکەن و بەرنامەی سیاسی بۆ ڕوبەڕوبونەوەی کێشە و هەڕەشەکان ئامادەدەکەن، کە دوچاری دەوڵەت دەبنەوە (نفس المصدر ،:103).

سەنگاپورە تاوەکو ئێستا (18) پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجامداوە بە بەکارهێنانی سیستەمی سەرکەوتنی دەنگی زۆرینە. دەنگدان لە سەنگاپورە زۆرەملێیە و ئارەزومەندانە نییە بۆ ئەوانەی کە تەمەنیان(21) ساڵە. هەر لە ساڵی (1991)وە، کە یاساکانی هەڵبژاردنی پەرلەمان هەموارکرایەوە، تاوەکو ئێستا هەڵبژاردن بەشێوەیەکی خولی و لەسەر بنەمای دەستپاکی و بێ بەکارهێنانی توندوتیژی و کودەتا بەرێوەدەچێت، واتە هەڵبژاردن لە سەنگاپورە ڕۆڵێکی سەرەکیی بینوە لە ئامادەکردن و ڕاهێنانی سەرکردە سیاسییەکان بۆ وەرگرتنی پۆستە باڵاکان، ئەمەش دەبێتە هۆی بەشداریکردنی هێزی نوێ لە دروستکردنی سیاسەت و بڕیارەکاندا (prescribed Data 2020/6/24 Parliamentary Election , . یەکەم هەڵبژاردن لە سەنگاپورە لە ساڵی(1948) ئەنجامدرا بە بەشداریی (13,458) دەنگدەر لە کۆی(22,395) دەنگدەر، کە مافیان هەیە بۆ دەنگدان بۆ دیاریکردنی (6) ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانان. هەڵبژاردنی دووەم لەساڵی (1951) ئەنجامدرا، تێیدا پارتی پێشکەوتنی چاکسازی سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

ئەوەی جێگەی سەرنجە هەڵبژاردن و کاری سیاسی لە سەنگاپورە پێشکەوتنی گەورەی بەخۆیەوە بینی بەمەش ژمارەی کورسیەکانی هەڵبژاردن لەئەنجومەنی یاسادانان زیاد بو؛ کە(6)کورسی لەهەڵبژاردنی ساڵی (1948) بۆ(9) کورسی لە هەڵبژاردنی ساڵی (1951) و هەڵبژاردنی سێیەم لە ساڵی(1955)، بە هەبونی دەستوری نوێ ئەنجامدرا، کەتێیدا هەلومەرجی دەستوری لە داگیرکاریی پاشایەتی بۆ حکومەتی خاوەن دەستەی وەزاری گواسترایەوە(Josey, 1985, p23,)

ئەنجومەنی یاسادانان لەهەڵبژاردنی ساڵی(1959) بۆ ئەنجومەنی یاسادانانی تەواو گواسترایەوە، کە تێیدا ژمارەی کورسییەکان زیادی کرد، هەروەها ژمارەی پارتە سیاسییەکان بۆ بەشداریکردن لەهەڵبژاردن ڕوی لەزیادبون کرد؛ لە هەڵبژاردنی ساڵی(1948)، یەك پارت هەبو، لە ساڵی(1951) بونە دو پارت و دواتر ژمارەی پارتەکان زیاتر بو بۆ(6) پارت لە ساڵی 1955. دواتر هەڵبژاردن لە (30/ئایاری/1959) ئەنجامدرا، بەپێچەوانەی هەڵبژاردنی ساڵی(1955) کە تێیدا ئامارەکان ئەوەیان ئاشکرا کرد ڕێژەی بەشداریکردن (524,420) دەنگدەر بو لە کۆی (587,797) دەنگدەر، کە مافی بەشداریکردنیان هەبو، لە ئەنجامدا پارتی گەل 43 کورسیی لە کۆی 51 کورسی بەدەستهێنا، دەکاتە ڕێژەی (53,4%)ی دەنگدەران. پارتی کاری گەل توانیی دەستبەسەر سەنگاپورەدا بگرێت هەر لەساڵی (1959)هوە، یەك لەدوای یەك، بەردەوام بو بێ بچڕان(الفهد، 2018،ل224)

دواتر هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەنجامدرا لە ساڵی(1970) بۆ ڕێگەگرتن لەپارتی کاری گەل، کە جێگەی متمانەی گەل بو بۆ ئیدارەدانی کاروباری سەنگاپورە. لەساڵی (1984)، دوبارە هەڵبژاردن ئەنجامدرا، پارتی کاری گەل توانیی دەسەڵات بگرێتەدەست بەسەرۆکایەتیی لی کوان یو؛ (77) کورسیی لە کۆی (79) کورسی بەدەستهێنا. ساڵی (1988)، هەڵبژاردنی کۆتاییی یاسادانان ئەنجامدرا، لی کوان یو وەك سیفەتی سەرۆکوەزیران پارتی کاری گەل(80)کورسیی لە کۆی(81) کورسی، بەدەستهێنا، ڕێژەی بەشداریکردن دەگەیشتە (63%). ساڵی (1991)، دەستوری سەنگاپورە هەموارکرایەوە و ساڵی(1993) هەڵبژاردن لە سەنگاپورە ئەنجامدرا؛ سەرۆك لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرا لەجیاتیی پەرلەمان. ساڵی (1997)، دوبارە هەڵبژاردن ئەنجامدرا حزبی فەرمانڕەوا لە سەنگاپورە (81) کورسیی بەدەستهێنا، بەڕێژەی دەنگدانی(65%). ساڵی 2001 ، هەڵبژاردنی گشتی ئەنجامدرا و پارتی کاری گەل(84)کورسیی بەدەستهێنا، بەڕێژەی دەنگدانی (75%).

لەهەڵبژاردنی ساڵی(2011)دا، پارتی کاری گەل سەرکەوتو بو؛ (79)کورسیی لە کۆی(87) کورسی بەدەستهێنا، بەڕێژەی دەنگدانی (60%)، ئەمەش خراپترین ئەنجامە لە مێژوی سەنگاپورەدا و کەمترین ڕێژەیە، ئەمەش بۆ بەکارهێنانی ڕاگەیاندن بەبێ بەربەست و نارەزایەتیی زۆرینە لەسەر خەرجییەکانی بژێوی و کۆچکردن دەگەڕێتەوە، بەڵام لە هەڵبژاردنی ساڵی (2015)دا پارتی کاری گەل توانیی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت بەسەر ئۆپۆزسیۆن و ڕێژەی دەنگدانی بەرزبۆوە بەهۆی ئەو ئەدایەی کە لەو ماوەیەدا پێشکەشی کردبو، بەڵام لە هەڵبژاردنی کۆتاییی لە ساڵی(2022)، پارتی کاری گەل (83) کورسیی لەکۆی(93) کورسی بەدەستهێنا و ڕێژەی بەشداریکردن (61%) بو،

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp322-340

بەمەش کشانەوەیەك هەبو لە ڕێژەی بەشداریکردن بەراورد بە هەڵبژاردنی ساڵی( 2015)کە 69% بو، ئەمەش بەهۆی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ئەگینا حکومەتی سەنگاپورە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و جێبەجێکردنی داواکاریەکانی خەڵك بەردەوامبو. (المدني،2011/5/6 www.alayam.com).

هەمو ئەمانە ئەوەمان بۆ دەردەخەن، کە هەڵبژاردنەکان لە سەنگاپورە لەژێر حوکمی یاسا و پێشبرکێیی نێوان هێزە سیاسییەکان ئەنجامدراوە و ڕێز لە مافە سەرەکییەکانی هاووڵاتیان گیراوە. ئەنجامەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و شەفاف ڕاگەیەنراون، کە بۆتە هۆی زیادبونی متمانەی زۆرینەی گەل بە پرۆسەی سیاسی، سەرەڕای پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بە هاووڵاتیان و کەمکردنەوەی ئاستی هەژاری و بێکاری. هەمو ئەوانە بونە هۆی بەرزبونەوەی ڕێژەی بەشداریکردنی هاووڵاتیان لە هەڵبژاردنەکان بەڕێژەی (94%) (الکساسبة ، مصدر السابق : 102)

**دووەم : نیشاندەرەکانی ئەدای سیستەم لەسەر ئاستی ئابوری لە سەنگاپورە**

**1-وەبەرهێنانی بیانی:** وەبەرهێنان یەکێکە لە دیارترین پێوەرەکانی ئەدای سیستەمی سیاسی لەسەر ئاستی ئابوری، کە بە بەردی بناغەی پرۆسەی گەشەپێدانی وڵات دادەنرێت، حکومەتی سەنگاپورە هەوڵی دا سەرنجی وەبەرهێنەکان ڕابکێشت و پشتیان پێ ببەستێت لەپێناو بەرزکردنەوەی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی، ئەمەش بە جەختکردن و پشتبەستن بە کۆمەڵێك سیاسەت و پلان و بەرنامە لەپێناو هێنانی وەبەرهێنەکان و گرنگترین سیاسەت و پلانەکان کە سیستەمی سیاسیی سەنگاپورە پەیرەوی کرد لەپێناو وەبەرهێنان(Bon, ،2016,p14-21) بریتی بو لە سیاسەتی سەرنجڕاکێشانی وەبەرهێنە بیانییەکان و کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان لەپێناو هاندانیان بۆ وەبەرهێنان لە ناوخۆی سەنگاپورە و پاڵپشتیکردنی ژێرخان و بەرەوپێشبردنی؛ بە کەمکردنەوەی باج لەسەر وەبەرهێنەکان و لێخۆشبون لە قەرزەکانیان بۆ ماوەی(5) ساڵی یەکەم. هەروەها پێشکەشکردنی قەرزی دارایی و دابینکردنی سەرمایە بۆیان، لەپێناو گەیشتن بە تەکنەلۆژیا، کە وەبەرهێنە بیانییەکان دەیانگواستەوە بۆ خزمەتکردنی پرۆژەکانیان و باشترکردنی تەرازوی پارەکانیان لەڕێگەی زیادکردنی هاوردەکان و سودوەرگرتن لە کەرەستە مرۆییەکانی ناوخۆ، لەڕێگەی دابینکردنی هەلی کار لەلایەن وەبەرهێنەرانەوە بۆ هاووڵاتیان,Kim,2017,p8-14)).

یەکێك لە سیاسەتەکانی تر، کە حکومەتی سەنگاپورە لە پێناو وەبەرهێنەران پەیرەوی کرد، بریتی بو لەڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی و چاودێریکردنیان، بەیەکێك لە کەمترین وڵاتی گەندەڵ لەجیهان دادەنرێت بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی و ئەمەش وای کرد ببێتە هۆی بەدیهێنانی گەشەسەندن و سەرنجڕاکێشانی وەبەرهێنە بیانییەکان، و سەنتەری بازرگانیی جیهانی، دواتریش بووە هێزێکی ئابوریی جیهانی سەرەڕای کەمیی سەرچاوە سروشتییەکان. (بوشرمة-سعيود،2021: 230-231)

هەمو ئەمانە بونە هۆی دابینکردنی ژینگەیەکی سەقامگیر و گونجاو بۆ وەبەرهێنەران و دڵنیابونیان لەسەروەت و سامان و کارەکانیان بەپێی یاسا، تەنانەت حکومەتی سەنگاپورە توانیی کۆمپانیا ئەمریکی و ئەوروپی و ژاپۆنیەکان ڕازی بکات لە زیادکردنی کارەکانیان لە وڵاتەکەیدا و بەرزکردنەوەی ئاستی وەبەرهێنان تا ئەوکاتەی سەنگاپورە بووە بەیەکێك لەگەورەترین دەوڵەت کە جێگەی سەرنجی وەبەرهێنەران بو، بووە گەورەترین سەرچاوەی تەکنەلۆژیا لەجیهاندا (حسين –خلف ،2017:217).

هەربۆیە گرنگیی وەبەرهێنان لە سەنگاپورە ڕوی لەزیادبون کرد؛ بووە هۆی دروستکردنی هەلی کار و گواستنەوەی تەکنەلۆژیای نوێ و پاڵپشتیکردنی کێبڕکێییەکان بۆ کاڵای سەنگاپورە، تا وای لێهات حکومەت خۆی بو بە دیارترین وەبەرهێن؛ (Ridzuan- Ismail,2017,p8-12,) لەڕێگەی خاوەنداریێتیی کۆمپانیاکانی (جی – ای –سی) لەساڵی( 2011 )ڕۆڵی گەورەی هەبو لە وەبەرهێنانی ناوخۆیی بەڕێژەی (17%) لەکۆی سەرمایەی وەبەرهێنان لە سەنگاپورە، بۆ نمونە دەبینین قەبارەی وەبەرهێنانی بیانی بۆ ساڵی(2005) گەیشتە (18,090%)و داهاتی تاك لەبەرهەمهێنانی ناوخۆیی (55,105) دۆلار بو، بەشداریی وەبەرهێنانی بیانی لە بەرهەمهێنانی ناوخۆیی سەنگاپورە(18,8%) بو، بەڵام لە ساڵی (2010)، قەبارەی وەبەرهێنانی بیانی بۆ (55,075%)، بەرزبۆوە و داهاتی تاك گەیشتە(70,561) دۆلار. هەماهەنگیی وەبەرهێنانی بیانی گەیشتە (17,8%)، بەڵام لە ساڵی(2019)دا، قەبارەی وەبەرهێنانی بیانی (59,500%) بو و داهاتی تاك (90,841)دۆلار بو، هەربۆیە دەبینین دوای ساڵی (2003) کۆمپانیا گەورەکان ڕۆڵیان لە وەبەرهێنانی بیانی لە سەنگاپورە هەبووە، لە ئەنجامی ئەو سیاسەتانەی لەلایەن حکومەتەوە پەیڕەوکراون. هەمو ئەوانە لە بەرزکردنەوە و خێرایی وەبەرهێنان و بەرزبونەوی پێوەرەکان بەشێوەیەکی بەرچاو بەشداربون، تا وای لێهات کەرتی وەبەرهێنان بووە بڕبڕەی پشتی ئابوریی سەنگاپورە ( البنك الدولي، https://www.world bank.org2021/12/23 , ). (راحو،2021 : 57).

2-**پیشەسازی:** پێوەرێکی تر کە ئەدای سیستەمی سیاسیی پێ پێوانە دەکرێت لەسەر ئاستی ئابوری، کەرتی پیشەسازییە. سەنگاپورە بە سەنتەرێکی سەرەکیی پیشەسازی دادەنرێت، کە ئامێر و جلوبەرگ و کەرەستە پلاستیکەکان و پیشەسازییە پێشکەوتوەکانی وەك ئەلیکترۆنی و کەرەستەی کیمیایی و ئەندازیاریەکان بەرهەم دێنێت، و سەنتەری سەرەکیی پیشەسازیی خۆراکە(عبدالحي ،30/ايار/2016 .(www.sasapost.com

پیشەسازیی سەنگاپورە پێشتر خۆی لە کۆمەڵێك پیشەسازیی سەرەتایی و سادە دەبینیەوە، بەڵام لە ساڵی(1961)هوە ئەنجومەنی گەشەپێدانی ئابوریی دامەزراند، کە بە پرۆسەی دروستکردنی هاوچەرخ دەستی پێکرد لە وڵاتدا، بەم شێوەیە پرۆسەی پیشەسازی فراوان بو لە ساڵی(1967)و دوای دروستکردنی کارگەی تایبەت بە کۆمپانیا ئەلیکترۆنیە گەورەکان و فرە ڕەگەزەکان، بەڵام لەدوای ساڵی (2004)هوە، کۆمەڵێك پیشەسازیی سەرەکی و گرنگ دروست بو، خۆی لە کۆمپانیا سەرەکیەکان لەسەر ئاستی جیهان لە ئەندازیاریی دەریایی و مرۆیی و کیمیایی و ئەلیکترۆنی و بەرهەمهێنانی دەرمان و تەکنەلۆژیا ئاویدا دەبینیەوە (عبدالرحيم ، 2019، :293) و (نواورە، www.mawdoo3.com.2021/10/26 ).

لەبەر ئەوەی سیستەمی سیاسی لە سەنگاپورە، بەتایبەت حکومەت، ستراتیژیەتی نوێی بۆ پیشەسازی دانا، کە ئامانجی بەرەوپێشبردنی پیشەسازییە ئابوری و تەکنەلۆژییەکان

بو، چونکە دەوڵەتی سەنگاپورە ڕووبەرێکی کەمی هەیە و خاوەن هیچ کەرەستەیەکی سروشتی نەبو و بەهۆی کەمیی کەرەستە سروشتییەکانەوە دەینالاند، هەربۆیە دەستەبژێری سیاسیی فەرمانڕەوا لە حکومەت، وایان دەبینی، کە پێویستە سیستەمی پیشەسازی بەشێوەیەک پەرەپێبدرێت، کە لەگەڵ پیشەسازیی وڵاتانی پێشکەوتودا گونجاو بێت، بەمەش حکومەت کۆمەڵێك سیاسەت و ستراتیژیەتی جێبەجێکرد؛ وەك زانینی ئابوری، وای کرد ببێتە دەوڵەتی ئابوری ئاسیایی لەڕوی تەکنەلۆژیای پیشەسازی، هەروەها هاوردەکردنی تەکنەلۆژیای جیهانی و زیادکردنی بەرهەمهێنانی سەرمایە، لەگەڵ دامەزراندنی بەهرەمەندە بیانیەکان وەك ئامرازێك بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان، سەرەڕای جێبەجێکردنی بنەماکانی حوکمڕانیی باش بۆ گەشەسەندن و دروستکردنی بوار و بەرەوپێشەوەبردنیان و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی. بەمشێوەیە سەنگاپورە لە پیشەسازیی سەرەتایی و سادەی وەك جلوبەرگەوە گواسترایەوە بۆ پێشکەوتوترین پیشەسازی، وەك تەکنەلۆژیا و ئەلیکترۆنی و کەرەستە کیمیاییەکان (Yoo, 2015, p98)

لەڕاستیدا بەهۆی ئەم سیاسەتانەی حکومەتەوە، جۆریەتی لە پیشەسازیی تەکنەلۆژیا لە سەنگاپورە دەرکەوت و بەشێوەیەکی بەرچاو پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی، وەك پیشەسازیی هێلەکانی ئینتەرنێت و ژمێریاری. بەمشێوەیە سەنگاپورە خاوەنی بەهێزترین کەرتی پیشەسازییە و یەکێکە لە سەرەکیترین پێکهاتە بۆ ئابوریی سەنگاپورە، کە بەرێژەی (25,2%) ڕۆڵی لە بەرهەمهێنانی ناخۆییدا هەیە و(25,6) لە کۆی هێزی کرێکارەکان تێکرای گەشەسەندنی بەرهەمهێنانی پیشەسازی(5,7) بەپێی ڕاپۆرتی بانکی نێودەوڵەتی، کە لە ساڵی (2018) دەرچووە، بۆ نمونە ساڵی(2003) قەبارەی پیشەسازی لەسەنگاپورە (1,3%) بوو و بەشداریی کەرتی پیشەسازی بۆ بەرهەمهێنانی ناوخۆیی دەگەیشتە (27,9%)، تێکرای گەشەسەندنی کەرتەکانی پیشەسازی دەگاتە (3,0%)، لەساڵی (2017) قەبارەی پیشەسازی دەگەیشتە (6,8%) و بەشداری لە بەرهەمهێنانی ناوخۆیی گەیشتە(25,4%) و تێکرای گەشەسەندنی کەرتەکانی (10,4%)بو (عبد شدهان ، مصدر السابق:106)، سەرەڕای هەموو ئەوانە سەنگاپورە بووەتە سەنتەرێکی سەرەکی لە بازرگانی و بەرهەمهێنانی نەوت لە ئاسیا؛ یەکێکە لە سێ باشترینەکانی وڵاتانی جیهان، و بەیەکێك لە گرنگترین سەنتەرە کیمیاییە پێشکەوتووەکان دادەنرێت لە جیهاندا.(Kim,2018, p19)

لەکۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە کەرتی پیشەسازی لە سەنگاپورە بەشێوەیەکی بەرچاو پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە؛ لە پیشەسازیی سادەوە بۆ پیشەسازیی گەورە و پێشکەوتو هەنگاوی ناوە. هەموو ئەو پێشکەوتنانە بۆ سیاسەت و ستراتیژیەتی حکومەتی سەنگاپورە دەگەڕێتەوە کە لەپێناو بەرەوپێشبردنی وڵات بۆ بەرزترین سەنتەرەکانی ئابوری لە جیهان پەیڕەوی کرد.

**3- بازرگانی**: بازرگانی لە سەنگاپورە لەدوای ساڵی 2003 پێشکەوتنێکی گەورە و بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، لەدوای دانانی کۆمەڵێك سیاسەت و ستراتیژیەتی نوێ لە بازرگانیی دەرەوە، تا سەنگاپورە بو بە یەکێك لە گرنگترین سەرچاوەکانی هەناردەکردنی کاڵا و ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان و بەرهەمە پترۆڵیەکان و کەرەستە کیمیاییەکان و پەیوەندییە تەلدار و بێتەلەکان (سلکی و لاسلکي)و تەکنەلۆژیا، هەمو ئەوانە لە سەنگاپورە هەناردە دەکرا(ring,2018,p258 ) سەرەڕای ئەوەی کە سەنگاپورە دووەم قەرەباڵغترین بەندەرە لە جیهاندا لەڕوی قەبارەی هەڵگرتن، ئەمەش بەهۆی ژێرخان و کرێکارە ڕاهێنراوەکانەوە بو لە سەنگاپورە(مصطفی ، مصدر السابق :18).

سەرەڕای ئەوەی کە سیستەمی سیاسیی سەنگاپورە پشتی بە بازرگانی و دووبارە دەرکردن لەڕێگەی کڕینی کەرەستە خاوەکان و دروستکردنی و دووبارە هەناردە کردنی بەستبو، بەمەش پلەی دووەمی لە توانای کێبڕکێدا وەرگرتووە و دەبینین ئابوریی سەنگاپورە بەڕێژەی(87%) بووە، بەمەش بە دووەم وڵاتی ئابوری دادەنرێت لە جیهان لەڕووی ). Toh, 2018, p36 (. بازرگانیی ئازاددا؛ بۆ نمونە بازرگانی و ڕێژەی هاوردە و هەناردەکردن و بەرهەمهێنانی ناوخۆیی لە سەنگاپورە بۆ ساڵی(2005) بەمشێوەیە بو: قەبارەی هەناردە(12%) و بەشداری هەناردەکردنی لە بەرهەمهێنانی ناوخۆیی (225000000 ) دۆلار و قەبارەی هاوردە (11,6%) و بەشداریی هاوردەکردن (16,600000000) دۆلارە، بەڵام لەساڵی(2010) دا قەبارەی هەنارەکردن(17%)و بەشداریی هەناردە (198000000) دۆلار و قەبارەی هاوردەکردن (16%) و بەشداریی هاوردەکردن (250000000) دۆلار بو، بەڵام لەساڵی (2018)دا قەبارەی هەناردەکردن (8,1%)و هەماهەنگیی هەناردەکرن (177,700,000000) دۆلار و قەبارەی هاوردەکردن (7,3%)، بەشداریی هاوردەکردن (32,200,000000) دۆلارە. هەمو ئەو پێوەرانە پێشکەوتنی بازرگانیی دەرەوە و بەرزبونەوەی تێکڕای هاوردە و هەناردە و قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە سەنگاپورە دەردەخات لەگەڵ وڵاتانی جیهاندا (البنك الدولي، 2021/12/23 ، https://www.world bank.org ).

کەواتە سەنگاپورە لەڕوی بازرگانییەوە پێگەیەکی گرنگی جیهانیی هەیە بەپێی ڕاپۆرتی نێودەوڵەتی کە لەلایەن ڕێکخراو و دەستەکانەوە دەردەچێت. ئابوریی سەنگاپورە، بە پلەی یەکەم، پشت بە هەناردەکردن دەبەستێت، بەتایبەت ئەلیکترۆنیە بەکارهاتوەکان و بەرهەمەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری، بەپێی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی بۆ ساڵی 2013 سەنگاپورە پلەی (14)مینی لە هەناردەکردن وەرگرتووە و پلەی (15)مینی لە هاوردەکردن وەرگرتووە، بەپێی لوتکەی ساڵی 2012 لەسەر ئاستی جیهان (الحنانبة، 13/كانون الثاني/2014).

### سێیەم: نیشاندەرەکانی ئەدای سیستەم لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی لە سەنگاپورە

پێوەری کۆمەڵایەتی یەکێکە لەو پێوەرانەی کە دەتوانرێت لەم ڕێگەیەوە ڕەزامەندیی گەل بەرامبەر بە دامەزراوەکانی سیستەم واتا دەستەبژێری سیاسی بزانیت، لەڕێگەی ئەو خزمەتگوزاری و و پێویستیانەی پێشکەشی هاووڵاتیانی دەکەن. لە گرنگترین پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان :-

**1-هەژاری و بێکاری**: یەکێك لەگرنگترین پێوەرەکانی ئەدای سیستەم لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، بریتیە لە پێوەری هەژاری و بێکاری، یەکێکە لە گرنگترین دۆسیەکان کە پێویستە چارەسەر بکرێت لە ئەنجامی ئەو کاریگەرییە نەرێنیانەی کە لەسەر کۆمەڵگە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp322-340

هەیەتی. لەو پێناوەشدا حكومەتی سەنگاپورە، بەتایبەت لەدوای ساڵی(2003) كۆمەڵێك سیاسەتی باش و ستراتیژیەتی گرنگی دانا لەپێناو لەناوبردنی هەژاری و بێكاری، یان كەمكردنەوەی ئاستەكانی لە ئاستی باڵا بۆ ئاستی نزم. دیارترین سیاسەتەكانی حكومەت، كە لە سەنگاپورە پەیڕەوكرا، ئەمانەن:

أ-سیاسەتی پشتبەستن بە كادیرە خاوەن پسپۆڕ و لێهاتووەكان: یەكێكە لەو سیاسەتانەی كە سیستەمی سیاسیی سەنگاپورە پەیڕەوی كردووە بەدرێژایی ساڵانی پێشو. ئەم كارە تەنیا لە یەك دەستەبژێردا خۆی نەدەبینیەوە، بەڵكو دەستەیەك لە حكومەت، كە لێهاتو و خاوەن ئەزمونن، بەشدار بون بۆ ئیدارەدانی كاروباری وەزارەت و دەستەكانی ناو وەزارەتەكان و پێشخستنیان، چونكە لێهاتویی لە لوتكەی دەسەڵات دادەنرێت و بە گرنگترین نیشانەدەری كاركردن بە پێوەرەكانی دەستپاكی و شەففافیەت لە دیاریكردنی نوێنەرانی گەل لەپێناو بەڕێوەبردنی وڵات و پێشكەوتنی. (عبدالحفیظ،2019: 75).

ب-سیاسەتی پشتبەستن بە فێركردن و دابینكردنی كەرەستە مرۆییەكان: یەكێكی تر لەسیاسەتەكان كە سەنگاپورە پشتی پێ بەستبو، بریتییە لە فێركردن و دابینكردنی كەرەستە مرۆییەكان؛ دەستەبژێرانی فەرمانڕەوا لە سەنگاپورە دركیان بەوە كرد كە ناتوانن پێشبكەون و گەشە بە وڵاتەكە بدەن، تەنیا لە رێگەی وزەی مرۆیی و وەبەرهێنانی تاك نەبێت، ئەم بیرۆكەیە لە مێشكی حكومەتی سەنگاپورەدا چەسپاوە كە لە سەنگاپورە هیچ شتێک نییە جگە لە مرۆڤ وەک سەرچاوەیەک كە پشتی پێ بەسترێت و هیچ بژاردەیەكیان نەبو جگە لە كاركردن لەسەر پەرەپێدان و پەروەردەكردنی. هەروەها گرنگیدان بە بواری پەروەردە و گەشەپێدان، بەو پێیەی دڵنیان كە گرنگترین بوارە بۆ ڕەخساندنی هەلی كار و باشتركردنی بارودۆخی ژیانی دانیشتوان، هەروەها كۆكردنەوەی وەبەرهێنان بۆ دروستكردنی گەشەپێدان و تێپەڕاندنی كێشەكانی هەژاری و بێكاری، بە یەكجارەكی و بۆ هەموان (یو ،2007 :76).

ج- سیاسەتی نەهێشتنی كێشەی بێكاری و هەژاری لە سەنگاپورە، سیاسەتی كرانەوە بەڕوی دەرەوە و ئازادكردنی بازاڕەكانە. سەركردەكانی سەنگاپورە لە سەرەتای سەربەخۆییەوە تا ئێستا دركیان بەوە كردووە كە كراوەیی بەڕوی دەرەوە و ئازادكردنی بازاڕەكان، تاكە چارەسەری گونجاو و پێویستییەكە كە دەبێت كاری لەسەر بكرێت بۆ ئەوەی ئابوریی نیشتمانی بجوڵێنرێت بە مەبەستی دۆزینەوەی هەلی كار بۆ هاووڵاتیانی سەنگاپورە و نەهێشتنی بێكاری و چارەسەركردنی كێشەی هەژاری. بۆ ئەمەش سیستەمی سیاسیی سەنگاپورە سیاسەتی ئابوری ناساند كە پێویستی بە كراوەیی بە ڕوی ئابوریی جیهانیدا هەیە لە ڕێگەی بازرگانیی ئازاد و پەیوەندیی بازرگانی و وەبەرهێنان لە بواری گەشتیاریدا. هەمو ئەمانە هەلی كار بۆ سەنگاپورییەكان دابین دەكەن، هەروەها ڕێژەی هەژاری و بێكاری لە سەنگاپورە كەمی كردووە، لە ئەنجامی ئەو پلان و سیاسەتانەی لەلایەن حكومەتەوە لە سەنگاپورە پەرەی پێدراوە.( عبد شدهان ،مصدر السابق : 79)

سەرەڕای وەبەرهێنان لەبواری گەشتیاری، كە بووە پێویستییەكی گرنگ بۆ ئابوریی سەنگاپورە و بە باشترین كواڵێتی لە خزمەتگوزارییەكانی گەشتیاری ناسراوە؛ هەزاران گەشتیار لەخۆدەگرێت و ڕۆڵی لە دابینكردنی كار هەبوە بۆ سەنگاپوریەكان و هاندانیان بۆ كۆكردنەوەی داهات و بون بەخاوەنی یەكەی نیشتەجێبونی خۆیان. سەرەڕای ئەمەش حكومەتی سەنگاپورە باوەڕی وایە كە تاكی خوێندەوار كاریگەریەكی بەرچاو و توانای ڕاستەوخۆی هەیە لە پرۆسەی گۆڕین و بەرەوپێشبردندا، ئەمەش ئاراستەیەكی هیوابەخشە بۆ دەستەبژێری سیاسیی دەسەڵاتدار لە سەنگاپورە بۆ دانانی ئامانجی گەورە و تەرخانكردنی بودجەی گەورە بۆ پێشخستنی ئاستی پەروەردە و گەشەپێدانی، چونكە ئامانجی سیستەمی پەروەردە، بنیاتنانی كەسایەتییەكی بەهێزە بۆ تاك و پەرەپێدانی توانا و بەهرە كۆمەڵایەتییەكانیان بە مەبەستی بەردەوامبون لە گەشەپێدان و پەرەپێدانی خۆیانە، دوای دەرچونیان بۆ ئەوەی ناچاریان بكەن ئەو كارە پراكتیزە بكەن كە تێیدا سەركەوتوون و بەهرەمەندن. ئەمەش لە رێگەی سیاسەتێكەوەیە كە بناغە بۆ كاری تاک و دامەزراندنیان لە هەمو كەرتەكانی پیشەسازی و بازرگانیدا دادەنێت( Suan,2016, p32, ).

بەم شێوەیە حكومەتی سەنگاپورە توانیی لە چارەسەركردنی كێشەكانی هەژاری و لەناوبردنی و سنورداناندا لە بڵاوبونەوەی دیاردەی بێكاری بەشێوەی پراكتیكی، سەركەوتو بێت( Junankar p38-42,2016) ،و هۆكارەكەی بۆ ئەو سیاسەتە پەیڕەوكراوانە دەگەڕێتەوە، كە حكومەتی سەنگاپورە ئەنجامی دەدات؛ توانیویەتی چارەسەری هەژاری بكات و سنورێك بۆ دیاردەی بێكاری دابنێت لە سەنگاپورە، بۆ نمونە ڕێژەی بێكاری لەسەنگاپورە بۆ ساڵی( 2003 ) (5,8% )لە كۆی گشتیی بێكاری لە هێزە كرێكارەكان، بەڵام ئەو ڕێژەیە دابەزی لەساڵی( 2019 )بۆ (4,1%) و ڕێژەی بێكاری لەساڵی( 2020) دا گەیشتە(4,2%) و لەساڵی 2021 دا گەیشتە (2,7%) ڕێژەی بێكاری كەمبۆوە و پلەی سێیەمی جیهانی وەرگرت بەهۆی ئەو سیاسەتە باشانەی كە سەنگاپورە گرتیەبەر(Global Asia confines,2014,p68) .

**2- خوێندن:** لەڕوانگەی سەرجەم بەرپرسانی سەنگاپورە خوێندن كلیلێكی ڕاستەقینەبو لە گواستنەوەی سەنگاپورە بۆ جیهانی یەكەم و كێبركێیی ئابوریی جیهانی. خوێندن بە بەردی بناغەی پێكهێنانی تاكەكان و دابینكردنی لێهاتویی و ئەزمون دادەنرێت كە پێویستن بۆ پێشخستنی پرۆسەی گەشەكردن و بنیاتنانی كۆمەڵگا. بەو پێیە مرۆڤ بنەمایە و توانای كێبڕكێیی هەر كۆمەڵگایەک، لە كۆتاییدا پەیوەستە بە كۆی تواناكانی تاكەكان، كە لە ڕێگەی دامەزراوە پەروەردەییەكانەوە بەدەست دەهێنرێن (عبدالمنعم 2021 :113).

لی كوان یو، سەرۆكوەزیرانی پێشوی سەنگاپورە، لە كتێبەكەیدا لە جیهانی سێیەمەوە بۆ جیهانی یەكەم، چیرۆكی سەنگاپورە(1959-2000)، جەخت لەسەر گرنگیی لێهاتویی لە كارەكان دەكاتەوە لە بنیاتنانی دەوڵەتدا و دەڵێت، دوای چەند ساڵێك لە حكومەت، دركم بەوە كرد كە بەهرە و لێهاتووییەكانم وەک وەزیر و كارگێڕی پیشەیی هەڵبژاردووە، هەرچەندە سیاسەتەكانمان كاریگەرین زیاتر سەركەوتن بەدەست دەهێنین(محمد، 2017/3/2، http://search .mandumah.com /record)

هەربۆیە سیستەمی سیاسی لە سەنگاپورە زۆر گرنگی بە پێشکەوتنی سیستەمی خوێندن داوە و پلەی دووەمی هەیە لەدوای وەزارەتی بەرگری لەڕوی خەرجییەوە، لەبەر ئەوەی سەنگاپورە درکی بەوە کردووە کە توانای نابێت لە گەشەپێدان و پێشکەوتنی تەنیا بەتەرکیزکردن لەسەر وزەی مرۆیی نەبێت، هەربۆیە دەبینین ئەو پلان و ستراتیژیەتانە زۆر گرنگن بۆ پێشکەوتنی کەرتی فێربون(تجربة سنغافورة2018/8/5"http://avb.s-oman.net). لەم پێناوەشدا سیستەمی سیاسی لە سەنگاپورە کۆمەڵێك ڕێکار و سیاسەتی بۆ دامەزراوەکانی خوێندن داناوە، گرنگترینیان:

أ-بونیادنانی قوتابخانە: لەسەرەتای جیابونەوەی سەنگاپورە لە مالیزیا، کۆمەڵێك قوتابخانە و مامۆستایان دامەزراند، یەکەم سیاسەتیش بریتیی بو لە جەختکردن لەسەر (کارامەیی و لێهاتویی) و جەختکردن لەسەر پرۆگرامەکانی خوێندن و یەکانگیرکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن.

ب- قۆناغی خوێندن لەسەر بنەمای مەعریفەی ئابوری: لە کۆتاییی هەشتاکانی سەدەی ڕابردودا وەزارەتی پەروەردە دەستیکرد بە لێکۆڵینەوە لەوەی کە چۆن پەروەردە دەتوانێت وەڵامی ئەو پێداویستییە گۆڕاوانە بداتەوە کە لە ئەنجامی ئابوری و بنەمای زانستەوە سەرییهەڵدا، وەڵامەکە دامەزراندنی ژمارەیەک لە قوتابخانە سەربەخۆکان بو، کە چێژ لە خۆبەڕێوەبردن وەردەگرن.

ج-چاکسازی لە سیستەمی خوێندن: لەدوای نەوەدەکان حکومەتی سەنگاپورە درکی بەوە کرد کە ژمارەی قوتابخانەکان وەك پێویست نەبو، قۆناغی سێیەم کە ناسراوە بەقۆناغی چاکسازیی سیستەمی خوێندن لە سەنگاپورە، بەناوی (مۆدیلێك کە سەرنجی لەسەر توانابو)، سێ دەستپێشخەریی پێشکەشکرد، لەوانە: یەکەمیان دەستپێشخەریی قوتابخانەکانی (هزری) یەکەمیان ساڵی( 1997 ) بو ئەویش بریتیی بو لە(خوێندنی نەتەوە)، لەسەر (4) پرەنسیپ دانرابو، لەوانە دوبارە چاوخشاندن بەکرێی مامۆستایان و پێشکەوتنی پسپۆڕی بۆ گەشەپێدانی بەهرەکانیان و پێدانی سەربەخۆیی زیاتر بە مامۆستاکانی قوتابخانە، بۆ ئەوەی ئامرازەکانی خوێندن پەرەپێبدەن تا لەگەڵ ژینگەی خوێندندا بگونجێت، لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی پشکنین و چاودێریی قوتابخانەکان و نوێکردنەوەی نمونەی جیاکاریی قوتابخانەکان، دابەشکردنی قوتابخانەکان بەسەر گروپەکاندا کە لەلایەن ڕاهێنەری تایبەتمەندەوە سەرپەرشتی دەکرێن، توانییان بەرنامەی نوێ پەرەپێبدەن و دروستبکەن بەمەبەستی فێربونی پیشەیی لەگەڵ یەکتر، ئەمەش بووە هۆی گەشەکردنی خێرای پیشەیی بۆ هەریەک لە قوتابخانەکان و مامۆستاکانیان، سیستەمێکی سەرچاوەی هاوبەش لەناودا پەرەی پێدرا، پێشکەوتنی گەورە لە هەژدە مانگی یەکەمی دەستپێکردنیدا ڕویدا، چونکە مامۆستایان نزیکەی حەفتا هەزار وانەیان پەرەپێدا((Tan.- Li ,2017,p32, ).

دووەم دەستپێشخەری (کەم بخوێنە -زیاتر فێربە-Tech Less-Learn More) لەدوای ساڵی (2005)دەستپێشخەرییەکی نوێ هاتە ئاراوە ئەویش خوێندنی کەم و فێربونی زۆر بو، کە تەرکیز دەکاتە سەر ڕێگاکانی وانەوتنەوە و کەمکردنەوەی قەبارەی ناوەرۆك و کردنەوەی بوار لەبەردەم هاووڵاتیان بۆ بیرکردنەوە(الکساسبة، سەرچاوەی پێشو،ل313) .

د-گرنگیدان بە تاك ، بۆ ئەوەی متمانەی بەخۆی هەبێت و خاوەن بیرۆکەی سەربەخۆ و ڕەخنەگر بێت، بتوانێت پەیوەندی بە ئەوانی ترەوە بکات و تاکەکان ئامادەن بۆ کارکردن لەگەڵ گروپێك کە پسپۆڕن و ڕۆحیەتی کاری بەکۆمەڵیان هەیە، سەرەڕای گرنگیدانی هاووڵاتیان بە بەرژەوەندیی نیشتمانی.

ه- سیستەمی خوێندن: سیستەمی خوێندن لە سەنگاپورە بریتییە لە سیستەمێکی خوێندنی کێبڕکێ، کە ئامانج لێیی دابینکردنی هەلی یەکسانە بۆ هەموان لە خوێندندا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز و باروودۆخی ئابوری و پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابورییان (وزارة الاقتصاد الوطني ، مصدر السابق :9).

هەمو ئەو چاکسازیانەش لە سیستەمی فێربون لەسەنگاپورەدا ئەنجامدران، هیچ کەمو کورتیەکی نەبووە لە گرنگیدان بە خوێندن بەتەنها، بەڵکو گرنگییەکی تایبەتی بەخوێندنی باڵا داوە لەڕێگەی چەندین هەنگاو، لەوانە: دروستکردنی زانکۆکان کە فرەپسپۆڕی لەخۆدەگرێت لە بازاڕی کاری نێودەوڵەتیدا و بەستنەوەی زانکۆ نیشتمانییەکان بە پەیوەندی و بەڵگەنامە بە دامەزراوەکان و زانکۆ جیهانییەکان و زیادکردنی خەرجی لەسەر فێربون، بە تایبەت ئەوەی پەیوەستە بە گەڕان و بەرەوپێشبردنی، لەکۆتاییدا پاڵپشتیکردنی حکومەت بۆ هەوڵی کۆمپانیا سەنگاپوریەکان لەبواری ڕاهێنانی کارمەندەکانیدا.

بەهۆی ئەو گرنگییەی کە سەنگاپورە بە خوێندنی باڵای دا، سەنگاپورە بووە یەکێك لە باشترین سیستەمەکانی خوێندنی جیهانی، بەپشتبەستن بە دو تایبەتمەندیی سەرەکی، ئەوانیش(هەڵبژاردن و کوالێتی)، بەو پێیەی تەنها کەمتر لە(25%) ی خوێندکاران توانیویانە بگەنە زانکۆ. لەڕاستیدا هەمو ئەم سیاسەت و ستراتیژانە وایکردووە کە خوێندن لە سەنگاپورە ببێتە یەکێک لە باشترین سیستەمەکانی خوێندن لە ئاسیا و لەسەر ئاستی جیهانیش (Gleason, 2018, p39 ).

کەواتە بەهۆی ئەو سیاسەتە پەیڕەوکراوانە لەلایەن حکومەتی سەنگاپورەوە کەرتی خوێندن پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی، بەپێیی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی ئابوری و هەماهەنگی و گەشەپێدانی جیهانی دەربارەی کوالێتیی فێرکردن بۆ ساڵی (2015)، کە سەنگاپورە پلەی یەکەمی جیهانی وەرگرتووە. هەروەها زانکۆی نیشتمانیی سەنگاپورە بەپێیی هەڵسەنگاندنی (تایمز بەرتانی) کە بەراوردی لەنێوان (300) زانکۆ لە( 24 )دەوڵەتی ئاسیا کردووە و بەپێیی سێ پێوەری هەردو ساڵی (2016-2017)، باشترین زانکۆکانی ئاسیا سەنگاپورەیە کە پلەی شەشەمی وەرگرتووە لەچوارچێوەی دە یەکەمەکانی لە پێوەری داهێنانی جیهانی بۆ ساڵی (2016-2017)، کە تێیدا هەڵسەنگاندن بۆ ژمارەیەك لە زانکۆکان و توێژینەوە زانستیەکان و ڕێکارەکانی داهێنانی زانستی دەکات (عبدشدهان، مصدر السابق: 113..

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین کە خوێندن لە سەنگاپورە پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە لەڕێگەی کۆمەڵێك سیاسەتی پەیڕەوکراو لەلایەن حکومەت، وەك بەرزرکردنەوە و دابینکردنی خەرجیی زۆری حکومی بۆ خوێندن و توێژینەوەی زانستی و سەرەڕای

گرنگیدانی بە دامەزراوەکانی خوێندن (سەرەتایی و ناوەندی و زانکۆ) بەبێ جیاکاری و بەرزبونەوەی پێوەری کوالێتیی خوێندن، هەمو ئەوانە هۆکاربون بۆ پێشکەوتنی خوێندن لە سەنگاپورە.

**3-تەندروستی**

سەنگاپورە پێش سەربەخۆبونی بەهۆی خراپیی ئاستی چاودێریی تەندروستییەوە دەینالاند، بەڵام ئیرادەی سیاسی و پلانی باش و جەختکردنەوەی کارکردن لەسەری، توانرا سیستەمێکی پێشکەوتوی تەندروستی بنیادبنرێت، لەوکاتەدا سەنگاپورە بووە یەکێك لە گرنگترین ئەزمونەکانی جیهان لە بواری چاودێریی تەندروستیی گشتی لەرێگەی دابینکردنی کوالێتیی باڵا بۆ چاودێری بە خەرجیی گونجاو. ئێستا سەنگاپورە پلەی شەشەمی جیهانی وەرگرتووە بەپێی پێوەرە سەرەکییەکانی تەندروستی، پێش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەوتووە، هەرچەندە خەرجیەکانی بۆ تەندروستی رێژەی لەکۆی بەرهەمی ناوخۆیی ناگاتە نیوەی ئەو خەرجیانەی کە وڵاتانی تر خەرجی دەکەن(منصور،2017/9/15 ، www.algad.com).

چیرۆکی سەرکەوتنی ئەزمونی سەنگاپورە لەگەڵ سیستەمی تەندروستی لە هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە دەستی پێکرد، چاودێریی تەندروستیی وەک یەکێک لە ئەولەویەتەکانی نیشتمانی لەقەڵەمدا، پاشان پلانی ستراتیژیی درێژخایەنی دارشت کە لە رێگەی تیمێکی وەزارەت و دامەزراوەکانەوە جێبەجێکرا، کە بە هاوئاهەنگییەکی زۆر دور لە کارەکانیان کاریان دەکرد، بەرژەوەندیە کەسیەکان و کولتورە باوەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم، ئاماژە بەوە دەکەن کە کەلتوری کارکردن بە گروپ تەنها لە کەرتی تەندروستیدا سنوردار نییە، بەڵکو رەگ و ریشەی قووڵی لە کولتوری سەنگاپورەدا هەیە.( نفس المصدر ).

سەرەرای ئەوەش سەنگاپورە سیستەمی بیمەی تەندروستیی بونیادنا، کە لەسەر سێ پرۆگرامی سەرەکی دانراوە، لەوانە بەرنامەی پاشەکەوتی پزیشکی کە ساڵی (1984) جێبەجێکرا، تەرکیز دەکاتە سەر وەزیفەی پاشەکەوت دژی هەرەشە تەندروستیە ئاست مامناوەندەکان، کە داراییەکەی لە ئەژماری تاکە کە پاشکەوتی کردووە لە سندوقی دابینکردنی سەنتەر بەرێژەی (6-8%) لە پاشەکەوتی ئەژماری پزیشکی، کە بۆ پارەدانی خەرجیەکانی نەخۆشخانە بەکاردەهێنرێت. هەروەها بەرنامەی بەرگریی تەندروستی لەساڵی (1990) جێبەجێ کرا کە بەرنامەیەکی خۆبەخشییە بۆ گەرەنتیی تەندروستی کە خەرجی دەدات بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییە مەترسیدارەکان و بەشێوەی قیست پێشکەش بە نەخۆشەکان دەکرێت لە سندوقی پاشەکەوتی پزیشکی. لە کۆتاییدا بەرنامەی سندوقی پزیشکی لەساڵی(1993) دەستی بە پێدانی پارە کرد، لەلایەن حکومەتەوە نەك لەلایەن هاووڵاتیانەوە، بۆ تەواوکردنی خەرجیی چارەسەرەکانی نەخۆش، ئەوانەی پارەکانیان بەهۆی خەرجیی نەخۆشخانە تەواو بووە و خێزانیان نییە، پشت بە بەخشین دەبەستن. لەدوای دەستنیشانکردنی تواناکانیان لەلایەن لیژنەی سندوقی نەخۆشخانە، رێژەی خەرجیی حکومەت لە کەرتی تەندروستی، ساڵ لەدوای ساڵ، زیاد دەکات (العامري، مصدر السابق :305).

سەرەرای هەمو ئەوانە حکومەتی سەنگاپورە لەدوای ساڵی 2003 وە توانیی سیستەمی تەندروستی زیاتر یەکبخات، چاودێریی تەندروستی بەئاستە پێشکەوتووەکانی کە کەرتی تەندروستی چاودێریکردنی گەورەی بەخۆیەوە بینی، و حکومەت پارەیەکی زۆری دابینکرد لە کۆی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی، سەرەرای ئەوەش هەبونی وەبەرهێنانی گەورە کە حکومەت هەوڵدەدات بۆ گەران و بەرەوپێشبردنی لە کەرەستە و ئامێرە نوێیەکان، تا ئەوکاتەی بووە گەورەترین دەوڵەت لەجیهاندا لەروی سەرچاوەی تەکنەلۆژیا و تەکنیکە پزیشکیە پێشکەوتووەکان (عبد شدهان ، مصدر السابق ،329).

هەروەها حکومەتی سەنگاپورە دەستی بە نوێکردنەوەی ژێرخانی نەخۆشخانەکان و وەبەرهێنان و دروستکردنی کاڵا نوێیەکان و پێشخستنی پسپۆری کرد و دواتر بونیادنانی نەخۆشخانە و پرۆگرامی فراوانکردن بۆ هاندانی بەشداریکردن. دەستپێشخەری لە دابینکردنی چاودێریی تەندروستی بۆ کەسانی بەتەمەن و نەخۆشیە مەترسیدارەکان و نەخۆشیی ڤایرۆسی کرد. هەروەها حکومەت یارمەتیی پێشکەشی هەندێ کەرتی تایبەت و پەیمانگا و رێکخراوەکانی چاودێری کرد، تاکو ئێستاش لە کارەکانی بەردەوامە (Heseltine,2013,p9 ).

سەنگاپورە گرنگترین دەوڵەتی پێشکەوتووە لەبواری پزیشکی و تەکنەلۆژیای پزیشکی و چارەسەری سروشتی، نزیکەی ملیۆن و نیوێك نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەکانی سەنگاپورە دەکەن و بەرزترین ئاستی چاودێریی تەندروستیی وەرگرتووە لەجیهاندا، بەپێی راپۆرتی رێکخراوی تەندروستیی جیهانی بۆ ساڵی(2017) و پلەی چوارەمی جیهانی وەرگرتووە لەئاستی باڵای تەندروستی بەپێی پێوەری (بلومبیرخ) بۆ تەندروستی ساڵی(2018). هەروەها سەنگاپورە بەپێی ئامارەکانی بانکی نێودەوڵەتی بۆ ساڵی (2019) پلەی یەکەمی جیهانی وەرگرتووە و پلەی پێنجەمی جیهانی وەرگرتووە، بەپێی درێژیی تەمەنی دانیشتوانی و تێکرای مردن لە سەنگاپورە کەمترینی جیهانییە.( عبدشدهان ، مصدر السابق :330). لە کۆتاییدا دەگەین بەو ئەنجامەی جیاوازییەکی زۆر دەبینین لەنێوان ئاستی ئەدای سیستەمی سیاسیی سەنگاپورە لە سەرجەم ئاستەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی، بەراورد بە وڵاتانی تر، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەو سیاسەت و ستراتیژیەتە دەگەرێتەوە کە حکومەتی سەنگاپورە پەیرەوی کردووە.

## ئەنجام

لە کۆتاییی ئەم توێژینەوەیەدا لە ژێر ناونیشانی (**نیشاندەرەکانی ئاستی ئەدای سیستەمی سیاسی لە سەنگاپورە -لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە)** بە چەند ئەنجامێك گەیشتین لەوانە:-

1-سەنگاپورە، دوای جیابونەوەی لە مالیزیا ساڵی(1965)، لە دەوڵەتێکی بچووك و بێ هەبونی کەرەستە سروشتییەکان بووە دەوڵەتێکی بەهێز و سەرکەوتو؛ توانیی کێشەکانی وەك بێکاری، گەندەڵی، هەژاری و دابەزینی ئابوری چارەسەربکات و لە ریزبەندی وڵاتانی جیهانی سێیەم بچێتە ریزبەندی وڵاتانی جیهانی یەکەم.

2-سەنگاپورە، دەوڵەتێکی کۆمارییە و خاوەن سیستەمی حوکمڕانیی پەرلەمانییە، لە دەستوری ساڵی (1965)هەموارکراو باس لە هەرسێ دەسەڵاتەکانی دەوڵەت دەکات، کە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریە. سەنگاپورە پشتی بە بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و ئاڵوگۆڕکردنی ئاشتیانەی دەسەلات لەڕێگەی دەستور و جێبەجێکردنی یاسا بەسەر هەموان بەستووە.

3- پێشکەوتن و سەرکەوتنی سەنگاپورە، ئەنجامی کۆمەڵێك سیاسەت و ستراتیژیەتی هاوسەنگ و گونجاو بو لەلایەن سیستەمی سیاسیی سەنگاپورە کە بە درێژایی چەندین ساڵ پەیڕەوی کراوە، هەر بۆیە بەهۆی ئەو سیاسەتانەوە سەنگاپورە خۆی لە گواستنەوەیەکی خێرا بینیەوە؛ بە کەمتر لە(50) ساڵ توانیی لەدورگەیەکی هەژار و سنوردار لە کەرەستە سروشتییەکان بۆ دەوڵەتێکی پیشەسازی پێشکەوتو هەنگاو بنێت.

4- کۆمەڵێك هۆکاری جۆراوجۆر رۆڵیان لە پێشکەوتن و سەرکەوتنی سەنگاپورەدا هەبووە، لەوانە هۆکارە سیاسییەکان و ئابورییەکان و کۆمەڵایەتییەکان. یەکێك لە هۆکارە ئابورییەکان، پێشکەوتنی ئابوریی سەنگاپورەیە بەهۆی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە ئابورییەکانی وەك بێکاری، هەژاری، هاندانی وەبەرهێنان و دەرکەوتنی پرۆگرامی گشتگیر بۆ پرۆسەکانی پیشەسازی. هەمو ئەوانە هۆکار بون بۆ بەرەوپێشبردنی ئابوری بەشێوەیەکی خێرا. لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان کە رۆڵیان لە پێشکەوتنی سەنگاپورەدا گێڕاوە، بریتییە لە فێربون، کە بە یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی هەستانەوەی سەنگاپورە دادەنرێت.

5-سەنگاپورە، دوای جیابونەوەی لە مالیزیا ساڵی (1965)، کۆمەڵێك سیاسەت و ستراتیژیەتی پەیڕەوکرد، کە لە لایەن دەستەبژێری فەرمانڕەواوە دانران، لەپێناو پێشکەوتنی سەنگاپورە. گرنگترین ئەو سیاسەت و ستراتیژیەتانە بریتین لە: بونی سەرکردایەتییەکی سیاسیی سەرکەوتو و هۆشیار، بونیادنانی مرۆڤێکی بەرهەمدار، پشتبەستن بەخود، جەختکردن لەسەر کەرتە پیشەسازییەکان، جێبەجێکردنی یاسا بە توندترین شێوە، ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی.

6-لە نیشاندەرەکانی ئاستی ئەدای سیستەم لەسەر ئاستی سیاسی لە سەنگاپورە بریتییە لە ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی، سەروەریی یاسا، چاکسازیی سیاسی. هەروەها ئەدا ئاستی ئابوری لە سەنگاپورە بریتییە لە پرۆژەی نوێبونەوە و بەرەوپێشبردنی کەرتەکانی وزە، دانانی سنورێك بۆ چۆنیەتیی پشتبەستن بە کەرتە کلاسیکیەکان، هانی تاکەکانی دا بەرەو ئاراستەی کرانەوەی ئابوری و بازرگانیی ئازاد هەنگاوبنێن. لەسەر سیاسەتی نوێ کاری کرد و گرنگیی بە کەرتەکانی پیشەسازی و بازرگانی و وەبەرهێنان دا.

7- لەگرنگترین نیشاندەرەکانی ئاستی ئەدای سیستەم لە ئاستی کۆمەڵایەتی، بریتییە لە پێوەری هەژاری و بێکاری، لەو پێناوەشدا حکومەتی سەنگاپورە کۆمەڵێك سیاسەتی باش و ستراتیژیەتی گرنگی دانا لەپێناو لەناوبردنی هەژاری و بێکاری، وەك سیاسەتی پشتبەستن بە کادیرە خاوەن پسپۆڕ و لێهاتووەکان، سیاسەتی پشتبەستن بە فێرکردن، دابینکردنی کەرەستە مرۆییەکان، گرنگیدان بە خوێندن و دابینکردنی خەرجیی زۆری حکومی بۆ خوێندن و توێژینەوەی زانستی، سەرەڕای گرنگیدان بە دامەزراوەکانی خوێندن (سەرەتایی و ناوەندی و زانکۆ) بەبێ جیاکاری لە نێوانیان.

## سەرچاوەکان


احمد ، نجيبه ابراهيم (2011) تحليل النظام السياسي العراقي بعد 2003 وفقا لنموذج البروفيسور "ديفيد ايستن" رسالة ماجستير غير منشورة ،كلية القانون والسياسية ، قسم العلوم السياسية ، جامعة صلاح الدين ، اربيل .

بوشرمة ، عبدالحميد و ابو سعيود، سارة (سبتمبر 2021) الانموذج السنغافوري في مجال مكافحة الفساد والوقاية منها – دراسة تحليلية من (2010-2020) جامعة محمد الصديق بن يحي جيجل ، الجزائر ، مجلة اقتصاد المال والاعمال ، المجلد (5) العدد (3).

جلال ، محمد نعمان(بدون سنة طبع ) النموذج السياسي والاقتصادي السنغافوري ، صحيفة الوسط البحرينية ، العدد (2960).

حسين ، عبدالرزاق حميد و خلف ، خلدون عبدالله(2017) قياس الاستثمار الاجنبي في تنمية المستدامة سنغافورة نموذجا (2005-2015) ، مجلة تكريت للعلوم الادارية والاقتصادية ، العدد (40).

الحنانبة ، احمد محمد(13/كانون الثاني/2014.) دراسة تحليلية لواقع التجارة الخارجية بين دول الامارات وجمهورية سنغافورة ، وزارة الاقتصاد الاماراتية .

خالد ، فاطمة منذر (2016) التجربة الديمقراطية في سنغافورة وبناء الدولة الحديثة ، كلية القانون والسياسية ، جامعة ديالى.

الخوند ، مسعود (2013)الموسوعة التاريخية الجغرافية ،ج9،دار رواد نهضة ،بيروت.

دنبري ، لطفي(2019) التجربة السنغافورية في تجاوز عن الفقر وتحقيق التنمية – رؤية تحليلية وسوسيو الاقتصادية لاسرار النجاح ، بحث منشور في مجلة علوم الانسان والمجتمع – المجلد (8) العدد (4) .

راحو ، بلال(2021) تجربة سنغافورة في جذب الاستثمار الاجنبي المباشر ، مجلة دفاتر الاقتصادية ، المجلد 12 عدد (1) ،جامعة الجزائر.

سيد احمد ، عاطف سعيد محمود(بدون سنة طبع) منظمات مجتمع مدني في سنغافورة –دراسة سوسيولوجية ، جامعة الزقازيق ،كلية الاداب والعلوم الانسانية ، العدد الحادي والاربعون ، جزء الاول .

شارف ، عبدالقادر(2016) واقع نموذج سنغافورة في مكافحة الفساد ، مجلة دراسات الاقتصادي ،جامعة الاغواط – الجزائر ، مجلد (7) العدد (2) .

شعيب ، سليم (2007) سنغافورة بعيون عربية ،منشورات معهد لدراسات جنوب شرق اسيا ، ط1.

شعيب ، مختار (6/اذار 2015 ) كيف تنهض الامم؟ اسرار التقدم ، صحيفة الاهرام المصرية ، العدد 46902 ، القاهرة – مصر .

الصائغ ، جعفر (12/شباط 2017) هل بامكاننا ان نفعل مافعله السنغافوريين ، صحيفة الوسط البحرينية ، العدد 5272 ، البحرين .

الطيب، عمر يوسف(2004) علم الاجتماع السياسي الاصول والتحليل التكاملي,دار عزة للنشروالتوزيع.

عبد ، مصطفى احمد (2021) العوامل السياسية والمؤسسية واثرها في مكافحة الفساد في سنغافورة ، بحث منشور في مجلة دراسات الدولية ، العددان السادس وثمانون والسابع والثمانون .

عبد شدهان ، زينب حمزة(2021) دور القيادة في تحقيق التنمية المستدامة بعد عام 2003 – سنغافورة العراق : دراسة مقارنة ،رسالة ماجستير غير منشورة ، جامعة النهرين ، كلية العلوم السياسية .

عبدالحفيظ ، حمزة(2019) تجربة سنغافورة في تجاوز الفقر وتحقيق تنمية (رؤية سوسيو اقتصادية لاسرار نجاح ) مجلة علوم الانسان والمجتمع ، جامعة محمد خضير بسكرة ، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية ، مجلد (4).

عبدالرحيم ، حنان محمود محمد(2019)دراسة مقارنة لمواكز التعليم الجيل الثالث للتعليم العابر للحدود في هونج كونج –سنغافورة – وامكان الافادة منها في ميصر ، بحث منشور في مجلة كلية التربية ، جامعة عين شمس ، ميصر ، عدد الثالث واربعون ،جزء الثاني .

عبدالمنعم ، مروة احمد محمود احمد(نوفمبر 2021) اليات اصلاح التعليم في سنغافورة لتحقيق التنافسية العلمية (1979-1997) ، بحث منشور في معهد الدراسات والبحوث الاسيوية ، جامعة الزقازيق ، مجلة الشرق الاوسط ، السنة السابعة والاربعون ، العدد التاسع والستون.

العبودي ،علي عبدالرحيم (2023) موقع العراق وفق مؤشرات حكم الرشيد – العقبات والحلول ، سلسلة اصدارات ، مركز بيان للدراسات وتخطيط.

الفهد ، ماهر جاسب حات (2018) التطورات السياسية الداخلية في سنغافورة 1945-1959 والموقف بريطانيا منها ، مجلة كلية التربية ، جامعة فرع ميسان ، العدد (حادي وثلاثون).

الفهد ، ماهر جاسب حاتم (2018) التطورات السياسية الداخلية في سنغافورة 1945-1959 والموقف البريطاني منها ، بحث منشور في مجلة كلية التربية ، جامعة ميسان ، العدد الحادي والثلاثون .

قراوي ، احلام ( ديسمبر 2020) عرض تجربة سنغافورة في مجال مكافحة الفساد كتجربة العالمية رائدة ، مجلة المنهل الاقتصادي ، جزائر ، مجلد3 ، العدد (2).

الكساسبة ، بلال ياسين(2017) اثر التنمية الاقتصادية على التحول الديمقراطي في دول جنوب شرق اسيا –دراسة حالة (ماليزيا وسنغافورة) ، اطروحة الدكتورا في العلوم السياسية ، جامعة مؤتة ، كلية الدراسات العليا .

الكساسبة ، بلال ياسين(2022) اثر التنمية الاقتصادية على تحول الديمقراطي في دول جنوب شرق اسيا –دراسة حالة ماليزيا وسنغافورة ، بحث منشور في مجلة العلوم الانسانية والطبيعية ، مجلد 3 ، العدد (1).

ماضي، عبدالفتاح (28 ازار 2007) متى تكون الانتخابات للديمقراطية ؟مركز الجزيرة للدراسات، دوحة قطر.

ماهر ، شرين (مايو 2017) سنغافورة – رحلة النجاح العقول ، بحث منشور في مجلة الافاق الاسيوية ، جمهورية مصر العربية، مجلد الاول ، العدد الاول.

مخلوف ، رملي (2020) توظيف الاقترابات في تحليل النظم السياسية المقارنه –اقتراب تحليل النظم انموذجا ، جامعة جيلالي بونعامة ،خميس مليانة ، بحث منشور في مجلة اكاديميا في العلوم السياسية ، ، المجلد 6، العدد3.

مصطفى، احمد (2008) ،سنغافورة الجزيرة الفاضلة،وكالة الصحافة العربية،الطبعة الاولى،القاهرة.

المنوفى ، كمال (1987) اصول النظم السياسية المقارنة ، شركة الربيعان للنشر والتوزيع ، ،الطبعة الاولى.

الوزيري ، سمير محمد اسماعيل(2015) لي كوان يو ودوره في التطورات السياسية والاقتصادية والاجتماعية في سنغافورة (1959-1990) ،رسالة ماجستير غير منشورة ، كلية الاداب ، جامعة بغداد.

ياسين، كوثر طه و احمد ،مصطفى(2021) عوامل سياسية والمؤسسية واثرها في مكافحة الفساد في سنغافورة ، مجلة دراسات الدولية ، العدد سادس وثمانون.

يو، لي كوان (2007) ،قصة سنغافورة،مذكرات لي كوان يو،مملكة العربية سعودية،العبيكان للنشر.

ابراهيم ، اشرف (15/كانون الثاني /2016) كيف استطاعت سنغافورة ان تتحول الى من قزم مقفز الى مارد اقتصادي عملاق ؟ <www.saspost.com

داود، احمد (28/ايار /2017) تجارب ثلاثة نمو الاقتصادية بعد سنوات من الاضمحلال ، موقع الاضاءات www.ida2at.com

محمد، اشواق حسن الامين(2017) تجربه دوله سنغافوره فى التنميه الاقتصاديه " مجله علوم الاداريه والاقتصاديه العلميه " جامعة غرب كردفان , كلية العلوم الادارية والاجتماعية , دار منظومة ، الرواد في قواعد معلومات الغربية ، http://search .mandumah.com /record 1004957

محمد، طه(2020) تحليل النظم عند ديفيد ايستون: نموذج مدخلات والمخرجات، النظم السياسية المقارنة ، الموسوعة الجزائرية file:///C:/Users/R، للدراسات السياسية ولاستراتيجية:: 2020/6/14 : الرابط file:///C:/Users/R-Ralf/Desktop :

نواورة ، ايات سعيد(2021/10/26.) الصناعة في سنغافورة ، www.mawdoo3.com .

لبنك.

الدولي ،بيانات (2021/12/23 )https://www.world bank.org

البنك الدولي ، بيانات(2021/12/23) https://www.world bank.org

البنك الدولي ،بيانات( 21/12/2021 ) https://www.world bank.org .

تجربة سنغافورة في ادارة الجودة الشاملة في نظام التعليمي ، http://avb.s-oman.net

براودي ، جوزيف(2013) النموذج السنغافوري للاعلام وتطبيقه في العالم العربي https://josephbraude.com/

زيادنة ، ساجدة محمد (2020/5/19 ) اسباب نهضة سنغافورة ، www.mawd003.com

المدني ، عبدالله(2011/5/26 ) الانتخابات السنغافورية ودور الاعلام جديد ،مجلة الايام ، العدد 8112 www.alayam.com

العكري ، علي النبي (2015/9/16 ) تجربة سنغافورة من التقدم والديمقراطية ، جريدة الرؤية العمانية ، http://www.alroya.om/p

منصور ، .عاصم(2017/9/15 ) دروس من تجربة سنغافورة في الرعاية صحية ، جريدة الغد www.algad.com

صعب ، غريتا (2018/8/11.)نجاح التنمية في الدول – مساءلة والحكم الرشيد ، www.monliban.org .

غروي ، محمد( 28 /2021/5) توقظ عنصرية في سنغافورة وتحذير من استحضار حروب ثقافية ، http://www.independentarabia.com

عبدالحي ، وليد( 30/ايار/2016 )كيف نهضت سنغافورة ؟ سياسة بوست في ميصر www.sasapost.com

الماده (12) من الدستور جمهورية سنغافورى لعام 1959 المعدل عام 1965.

المادة (13) من دستور جمهورية سنغافورة لعام 1959 المعدل عام 1965.

المادة (21) من الدستور جمهورية سنغافورة لعام 1959 المعدل عام 1965.

المادة (25) من دستور جمهورية سنغافورة لعام 1959 المعدل عام 1965.

المادة( 38) من دستور جمهورية سنغافورة لعام 1959 المعدل عام 1965.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp322-340

Oliver, Steven & Ostwald, Kai,( 9February, 2018) Explaining Election in Singapore, Dominant Party Resilience and Valence Politics, Journal of East of Asian Studies.

Sinek, Simon (2019) Start with why (Haw Great Leaders Inspir Everyone to Take Action, the Penguin Group.

Lim, Sun Sun & mat, Elmie Nek(2009) Media Education in Singapore New Media New Literacies, Singapore University of Technology and Design, media education in Asia .

Santhi, .S. &. Saravanakumar( July 2020 ),AR. , The Economic Development of Singapore : A.Historial Perspective : Article ,Aut Aut Research Journal ,ISSN NO,5000-0601 Volume XI,Issue,VII,.

Plate, Tom, (2013) Giants of assia, Conversation with Lee Kuan yew, Citizen Singapore (how to build a nation) Marshall Cavendish Edition.

Kim, Wong Wee (2017.) Foreign Direct in Singapore Department of Statistics, Ministry of Trade and Industry, Republic of Singapore.

Suan, Wong Lee (2016) Organizational Legitimacy of the Singapore Ministry of Education in a Knowledge Based Economy, Springer Nature.

Kim, Wong Wee (2018) Singapore standard industrial classification2018 Department of statistics Ministry of trade and industry, Republic of Singapore.

A. Heseltine, William (2013), Affordable Excellence: the Singapore Health care story (How to great and mange sustainable Health care systems) by pal grave Macmillan, 2013.

Hwee, Yeo lay (2002) Electoral politics in Singapore 1995, Singapore Institute, of Southeast Asian Studies.

Kennard, Tomas R.Leinbach& Winsted, Richard Olaf (22/2/2020), Singaporewww.britannica.com

Zhou, Ping (25/2/2020). The history of Singapore Economic www.Thoughtco.com. Development:

Ramakrishna, Karana & Lam, Yin (three factors that have made Singapore a global Logistics hub, www.blogs .worldbank.org.

Ridzuan, Abdul Rahim& Ismail Nor AS mat (2017), Dose foreign direct investment successfully lead to sustainable Development in Singapore? Published research in college of Business and management, Mara University of Technology, Shah Alam, Malaysia. Josey, Alex (1985), Singapore: its past present and future, Ho printing co, pt. Ltd, Singapore.

Mathi, Braema (2008), Growing Civil Society in Singapore, Institutional Knowledge at Singapore, Management University, line Center, for Social in Novation.

Kwan, Chau Pak (2000), System of Government in some Foreign Countries: Singapore, Research and Library Service Division Legislative Council Secretariat, Hong Kong.

Customs, Copy ring Singapore (2018), Singapore trade clasefaction, customs and Exises Duets.

Coh, Daniel P.S., (April 2017) Diversity and nation –Building in Singapore, Global Center for Pluralism.

Confines, Global Asia (2014), Singapore sum it 2014, Singapore.

Lim ,Jeannette(, Jan 7-8, 1986), Media Laws & Regulations In Singapore, Nan yang Technological University, Singapore., Asian Mass Communication Research & Information Centre..

Bon ,Joseph(March 2016), (why Singapore was able to Attract $338b Foreign Direct Investment in the past 10 Years while sierra Leone Attracted only $1.9b ) , Sesay A Thesis in the field of Government for the Degree of Master of liberal Arts in Extension studies , Harvard University .

Yoo, Kuan Fung (2015), Different industrial and sectors of Singapore, mar wade Education Foundation Group of institutions.

Toh, Mon Heng (2018) Singapore trade in value Added (implication and implication of information from the OCED-WTO, Databases) National University of Singapore.

W Gleason, Nancy (2018). Higher Education in the Era of the fourth industrial revolution Yale Nuscolleg, Singapore.

Tan, Oon Seng& Li, woon Chia ( 2017)Teacher Education in the 21 st Century Singapore'9s Evolution and Innovation , springer Nature Singapore Pte Ltd .

Election, Parliamentary2020/6/24) (prescribed Data) order 2020 subsidiary legislation Supplement No, S, 157of 2020.

Junankar, P.N. (raja)( 2016 (Economic of the lobour Market, unemployment and the costs of unemployment, first published by Pala grave mas Millan

Hock,Saw Swee (2012)–the Population of Singapore, Third Edition, Institute of Southeast Asian Studies, Singapore.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp322-340